هو العليم

# ڕێزمانی وێنەیی

نوێترین و ئاسانترین ڕێگا بۆ تێگەیشتن لە
ڕێزمانی کوردی
پۆلی دوازدەیەمی ئامادەیی

ئامادەکردنی: م.شنە عزیز حمەرحیم

ئامادەیی مەهابادی ئێوارانی کچان

سالی خوێندن: ٢٠١٤ - ٢٠١٥ زاینی
٢٧١٤ - ٢٧١٥ کوردی

مافی پارێزراوە بۆئامادەکار
ئەم بەرهەمە خۆبەخشە و کاری کڕین و فرۆشتنی پێوە ناکرێت.

هو العليم

# ڕێزمانی وێنەیی

## نوێترین و ئاسانترین ڕێگا بۆ تێگەیشتن لە ڕێزمانی کوردی پۆلی

## دوازدەیەمی ئامادەیی

ئامـادەکـردنی :م/شـنـه عـزیـز حمـەرحیـم

ئامادەیی مەهابادی ئێوارانی کچان

سالّی خوێندن : ٢٠١٤ - ٢٠١٥ زاینی
٢٧١٤ - ٢٧١٥ کوردی

ئیمەیڵ : ShnaAziz.Kurdi@gmail.com

مافی پارێزراوە بۆئامادەکار
ئەم بەرهەمە خۆبەخشەو کاری کڕین و فرۆشتنی پێوە ناکرێت

| ژ | ناوەڕۆكی بابەتەكانی بەشی ڕێزمان | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ - | كار بە پێی ناوەڕۆك چوار شێوازی هەیە<br>یەكەم : شێوازی ڕێـژەی ڕاگەیاندن | ٧ |
| ٢ - | دووەم : شێوازی ڕێـژەی دانـانی | ١١ |
| ٣- | ڕێژەی كـار | ١٤-١٥ |
| ٤ - | سێیەم : شێوازی ڕێـژەی داخـوازی | ١٧ |
| ٥ - | چوارەم : شێـــوازی مـەرجـی | ٢٦ |
| ٦- | كاری چاوگی بوون( هەبوون ) | ٢٨ |
| ٧- | ئەركی ( ە ) لە ڕێزمانی كوردیدا | ٣٠ |
| ٨- | ئەركی جێناوە كەسییە لكاوەكان<br>یەكەم : وەكو بكەر | ٣٥ |
| ٩- | دووەم : وەكو بەركار | ٤٠ |
| ١٠- | سێیەم : وەكو تەواوكەری بەیارێدە | ٤٥ |
| ١١- | چوارەم : وەكو دیارخەری ناو | ٥٠ |
| ١٢- | جۆرەكانی هاوەڵناو لەڕووی بنچینەی وشەكانیەوە ( ڕوونان ) ەوە | ٥٧ |
| ١٣- | جۆرەكانی هاوەڵكار لە ڕووی پـێـكهاتـنـیـانەوە ( ڕونان ) ەوە | ٥٨ |
| ١٤- | ڕادە | ٥٩ |
| ١٥- | دیارخەرەكانی ناو<br>یەكەم:ئەركی نـــاو لە ڕستەدا وەكو دیارخەری ناو | ٦٤ |
| ١٦- | دووەم : ئەركی هاوەڵناو لە ڕستەدا وەكو دیارخەری ناو | ٦٧-٦٨ |
| ١٧- | سێیەم : ئەركی جێناوی كەسی سەربەخۆ لە ڕستەدا وەكو دیارخەری ناو | ٦٩ |

# چەند ڕوونكردنەوەيەكی پێويست لەسەر هەندێك بابەتی ڕێزمان بەگشتی

**چاوگ :** وشەيەكە ڕوودانێك يان كردەوەيەك نيشان دەدات بەلاَم ئەم كردەوەيە نەخراوەتە پاڵ كەسێك يان شتێك, كاتيشی ديار نييە.

جۆرە كانی چاوگ
- أ ( هێنان )
- و ( دروون )
- د ( مردن )
- ت ( خستن )
- ی ( بڕين )

جۆرە كانی چاوگ لە ڕووی دارشتنە وە
- ســادە
- دارێژراو
- لێكدراو

جۆرەكانی چاوگ
لە ڕووی هێزەوە

## چاوگی تێپەڕی

| سادە | دارێژراو | لێكدراو |
|---|---|---|
| هێنان | داهێنان _ هێنانەوە | بەرهەم هێنان |
| كردن | ڕاكردن _ كردنەوە | ئاوەدان كردنەوە |
| گرتن | داگرتن _ گرتنەوە | سەرگرتن |
| بڕين | دابڕان _ بڕينەوە | سەر بڕين |
| بردن | بردنەوە | لەناو بردن |
| دان | هەڵدانەوە | سەر هەڵدان |

## چاوگی تێنە پەڕی

| سادە | دارێژراو | لێكدراو |
|---|---|---|
| چوون | ڕۆچوون _ چوونەوە | لەناو چوون |
| هاتن | ڕاهاتن _ هاتنە وە | بەكارهاتن |
| بران | لێ بران _ برانەوە | جەرگ بران |
| بوون | هەڵ بوون | تەواو بوون |
| كەوتن | هەڵكەوتن | سەركەوتن |
| مان | مانەوە | بەجێمان |

جـۆرەكـانی كـار لەڕووی
- ( كات ) ەوە
  - ڕابـردوو
  - ڕانەبردوو
- ( هێز ) ەوە
  - تەواو ی
    - تێپـەڕ بە ( ڕاگەياندن و دانانی ) يەوە
    - تێنە پەڕ بە ( ڕاگەياندن و دانانی ) يەوە
  - ناتەواو
    - ( بوو ) بۆ دەمی ڕابردوو
    - ( ە ) بۆ دەمی ئێستـا
    - ( دەبێت ) بۆ دەمی ئاينده

★ لە ( **چاوگ** ) ەوە:
- ( **قە د** ) مان دەست دەکەوێت تەنها بە لابردنی ( **ن** ) ی چاوگ
- ( **ڕە گی کار** ) مان دەست دەکەوێت بە پێی یاسای **١-** ( **کاری داخوازی بۆ کە سی دووە می کۆ** )

ب+**ڕەگی کار**+ن

**یان** بە پێی یاسای **٢-** ( **کاری ڕانەبردووی ڕاگە یاندن** )

دە+**ڕەگی کار** +

| | |
|---|---|
| م | ین |
| یت | ن |
| ات / ێت | ن |

★ لەکاتی دروستکردنی هەر ڕێژەیەکی کار لەو چاوگانەی کە ( **دارێژراو** ) بێت بە هۆی ( **پێشگر ، پاشگر ،هەردووکی** ) وە یان ( **لێکدراو** ) بێت ئەوا دەبێت ئاگاداری وشە یان ئەو بەشە زیادییەی بێن و لەسەر یاسای دروست بوونی کارەکاندا وەك خۆی دایان بنێینەوە :

| چاوگی تێپەڕ | قە د | ڕە گ |
|---|---|---|
| کردن | کرد | کە |
| کردن | ڕا کرد | ڕا کە |
| کردنە وە | کرد ەوە | کە ەوە |
| هە ڵکردنەوە | هەڵ کرد ەوە | هە ڵ کە ەوە |
| ئاوەدانکردنە وە | ئاوەدان کرد ەوە | ئاوە دان کە ەوە |

| چاوگی تێنە پەڕ | قە د | ڕە گ |
|---|---|---|
| نیشتن | نیشت | نیش |
| دانیشتن | دا نیشت | دا نیش |
| نیشتنە وە | نیشت ەوە | نیش ەوە |
| سە رکە وتن | سەر کە وت | سە ر کە و |

**تێبینی/** چاوگ دەتوانێت لە ڕستەدا هەموو تایبەتمەندییەکانی ناو وەربگرێت.

# گۆڕینی ڕستەی بکەردیار بۆ ڕستەی بکەرنادیار

**تێبینی/ لەکاتی گۆڕینی ڕستەی بکەردیار بۆ ڕستەی بکەرنادیار ڕەچاوی ئەم خاڵانە دەکەین :.**

١-لابردنی بکەر و ئەو جێناوە لکاوانەی دەگەڕێنەوە بۆ بکەر .

٢-دانانی بەرکار لەشوێنی بکەر و ناوی دەنێین ( جێگری بکەر) .

٣-گۆڕینی کارە بکەردیارەکە بۆ کاری بکەرنادیار بەم شێوەیە :.

ئەگەر کاری ڕستەکە:
- ( ڕابردووی ڕاگەیاندن یان دانانی ) بوو ﴿ ڕەگـــی کار + را ﴾
- ( ڕانەبردووی ڕاگەیاندن یان دانانی ) بوو ﴿ (دە)،(ب) + ڕەگی کار + رێ ﴾

٤-دانانی جێناوی لکاوی گونجاو بە پێی گونجاندنی لەگەڵ جێگری بکەر .

٥-دانانەوەی ئەو کەرەسە ڕێزمانیانەی کەدەستکاریمان نەکردوون لەشوێنی خۆی .

| ڕستەی بکەردیار | ڕستەی بکەرنادیار |
| --- | --- |
| ١.خانووەکا نمان نوێکردووەتەوە . | ١.خانووەکان نوێکراونەتەوە . |
| ٢.کرێکارەکان لەسەر کارەکە ڕادەهێنێت. | ٢.کرێکارەکان لەسەر کارەکە ڕادەهێنرێن . |
| ٣.دەبوو کارەکەم ئە نجام دابا. | ٣.دەبوو کارەکە ئە نجام درابا . |
| ٤.دە بێت هۆنراوەکە بنوسمەوە . | ٤. دە بێت هۆنراوەکە بنوسرێتەوە . |

**کار بە پێی ناوەڕۆك چوار شێوازی هەیە**
- **یەکەم** : شێوازی ڕێژەی ڕاگە یاندن
- **دووەم** : شێوازی ڕێــژەی دانـــانی
- **سێیەم** : شێوازی ڕێــژەی داخــوازی
- **چوارەم** : شێــــوازی مــە رجــی

شنە عزیز حمە رحیم

# یەکەم : شێوازی ڕێژەی ڕاگەیاندن

**شێوازی ڕاگەیاندن :** بۆ خەبەردان لەکاروحاڵی کەسێك یان شتێك بەکاردەهێنرێت و گومان لەوەدا نییە کە کارەکە گەیشتووەتە ئە نجام یان نەگەیشتووە .

ئەو ڕێژانەی کار کە لە شێوازی ڕاگەیاندندا بەکاردەهێنرێن ئەمانەن:

شێوازی ڕێژەی:

| | ســـادە | دارێژراو | لێکدراو |
|---|---|---|---|
| ڕابـــــــردووی: نزیکی ڕاگەیاندن ( قـــــــــەد ) | ڕۆشت | ڕاهێنا ـ هێنایەوە | دروستکــرد |
| ڕابـــــــردووی: تەواوی ڕاگەیاندن( قەد+ وە،ووە ) | ڕۆشتووە | ڕاهێناووە ـ هێناووەتەوە | دروستکردووە |
| ڕابـــــــردووی: دووری ڕاگەیاندن ( قەد + بـــوو ) | ڕۆشتبوو | ڕاهێنابوو ـ هێنابوویەوە | دروستکردبوو |
| ڕابـــــــردووی: بەردەوامی ڕاگەیاندن( دە + قــەد ) | دەڕۆشت | ڕادەهێنا ـ دەهێنایەوە | دروست دەکـرد |
| ڕانەبردووی ڕاگەیاندن : ( دە + ڕەگی کار+ م- ین / یت- ن / ات- ن / ێت ) | دەڕۆم | ڕادەهێنم ـ دەهێنمەوە | دروست دەکەم |

# چەند ڕوونکردنەوەیەکی پێویست لەسەر ( شێوازی ڕێژەی ڕاگەیاندن )

★ ڕێژەی ( ڕابردووی ڕاگە یاندن ) ی ( تێپەڕ و تێنەپەڕ ) ی

( بکەردیار ) بە هەر چوار جۆرەکەیەوە هەمیشە لە ( قە د ) دروست دەکرێت.

( بکەردیار و بکەرنادیار ) هەمیشە بە ئامرازی ( نە ) نەرێ دە کرێت .

نم/ بــوو ← نە بـــوو

وە رگرت ← وە ر نەگرت

فرۆشـرا ← نە فرۆشـرا

★ لـە ڕێژەی ڕابردووی( تەواوی ڕاگەیاندن ) دا ئەگەر ( قەد )ەکە کۆتایی هاتبوو بە پیتی

( ت , د ) نیشانەی ( ووە ) بەکاردێت. نم/ ( ختوووە- مردووە )

( ا,و,ی ) نیشانەی ( وە )بەکاردێت. نم/ ( هێناوە – چووە- بڕیوە )

تێبینی / لەکاتی دروستکردنی هەر ڕێژەیەکی کاردا ئەگەر کارەکە داڕێژراو بە پاشگری ( ەوە ) بێت ئەوا بە پێی پێویست پیتی ناوبەندو گونجاندنی ( ت ) یان ( ی ) دادەنێین بۆ کارە کە.

( مەبەست لە بەکارهێنانی پیتی ناوبەند وگونجاندن ئەوەیە کە هەرگیز لە زمانی کوردیدا دووپیتی بزوێن بە دوای یەکدا نایەت ).

نم/ بۆ شێوازی ڕێژە ی

| | | |
|---|---|---|
| ڕابردووی نزیکی ڕاگەیـانــدن | : هێنایە وە | ـ ڕۆشتەوە |
| ڕابردووی تەواوی ڕاگەیـانــدن | : هێناوەتەوە | ـ ڕۆشتووەتەوە |
| ڕابردووی دووری ڕاگــەیانــدن | : هێنابوویەوە | ـ ڕۆشتبوویەوە |
| ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن | : دەهێنایە وە | ـ دەڕۆشتەوە |
| ڕانەبــردووی ڕاگە یـاندن | : دەهێنمەوە | ـ دەڕۆمەوە |
| ڕابـردووی بـــکەرنــادیــا | : هێنرایە وە | ـ ـــــ |
| ڕانەبـردووی بـکەرنــادیا | : دەهێنرێتە وە | ـ ـــــ |

ڕێژەی (ڕانەبردووی ڕاگەیاندن) ی
( تێپەڕ و تێنەپەڕ )
بە (بکەردیار) و (بکەرنادیار)ەوە

- لە (ڕەگی کار) دروست دەکرێت.
- بە ئامرازی (نـا) نەرێ دەکرێت
- لە کاتی نەرێ کردندا ئامرازی (نا) دەچێتە شوێنی نیشانەی (دە)

نم/ دەبـێت ← نابـێت
ئاوەدان دەکەنەوە ← ئاوەدان ناکەنەوە
دەنووسرێ ← نانووسرێ

لەڕێژەی (ڕانەبردووی ڕاگەیاندن) دا
جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاک

- (ات) بەکاردێت ئەگەر ڕەگی کارەکە بە (ە – ۆ) کۆتایی هاتبێت.
  نم/ دەکات – دەشوات
- (ێت) بەکاردێت ئەگەر ڕەگی کارەکە بە (ە – ۆ) کۆتایی نەهاتبێت.
  نم/ دە نووسێت –دە چێت

تێبینی/کاتی (ئێستا و ئاینده)ی ڕێژەی (ڕانەبردووی ڕاگەیاندن) لە کرمانجی خوارووا بە هۆی هاوەڵکارە کاتییەکانەوە دیاری دەکرێت، بەڵام لە کرمانجی ژووروودا کاتی (ئێستا و ئاینده) یاسای تایبەتی خۆی هەیە:

ڕێژەی (ڕانەبردووی ڕاگەیاندن)لە

- کرمانجی خواروو بۆ دەمی
  - ئێستا ← وا دەچـــم
  - ئاینده ← بەیانی دەچم
- کرمانجی ژووروودا بۆ دەمی
  - ئێستا ← دچم
  - ئاینده ← دێچم

کاری (هات) ڕەگەکەی (هێ) یان (ێ) یەو کاری ڕانەبردووی ڕاگەیاندنی لێ دروست دەکرێت بەم شێوەیە: دێم ←نایەم

تێبینی/ لە هەندێک دیالێکتی کوردیدا لە جیاتی نیشانەی (دە) نیشانەی (ئە) بەکاردێت.

دەخوارد ← ئەخوارد    دەخۆم ← ئەخۆم
دەچوو ← ئەچوو    دەچم ← ئەچم

زۆر جار لە زمانی ئاخاوتن و زمانی شیعردا لە جیاتی

- جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاکی
  - ( ات ) ← ( ا )بەکاردێت. نم / دەخوات ← دە خوا
  - ( ێت ) ← ( ێ ) بەکاردێت. نم / دەچێت ← دە چێ
- جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاکی ← ( یت ) ← ( ی ) بەکاردێت نم/بنوسیت ← بنوسی

لە باخی گەل ئەر سێوێ بخوا شەهێ
بچووکان درە ختانی بن کەن ئەکەن
بە پێنج هێلکە پادشا ڕەوای دی ستەم
سوپایان هەزار مر لە شیش تون ئەکەن

خوا, کە شەو دێنێ و ڕۆژ ئەباتە وە
پـەردەی تاریکی دائە داتـە وە
مـەبەستی وایـە کە بۆ بەیانی
ڕۆژت لێ بـووە وە قـە دری بــزانی

هە تــاکــو زۆرتر دانش بــزانی
کاری پێ نەکەی هــەر وا نـادانی
نە پەی بۆ هیچ برد, نە دانش مەندە
چوارپێ کتـێبی لێ نێی هەرچەندە
جـا ئەو بـێ مەغزە چوزانێ خەبـە ر
داری لـێ نراوە وە یــاخۆ دە فتــە ر

(بەوردی سەرنج لەو چەند دێرە هۆنراوەی سەرەوە بدە و پاشان جێناوە کەسییە لکاوەکانی دووەم و سێیەمی تاك دیاربخە ).

## هەندێک نموونەی ڕستە لەسەر شێوازی ڕێژەی ڕاگەیاندن :

١-کارەکەی تۆمان دواخست.
٢- هاوکار هاوڕێکەی بەخشیوە.
٣- بۆ بینینی پێشانگاکە هاتبوون.
٤- ئەوان دەرگای ژوورەکەیان بۆیەکرد.
٥- سارا منداڵەکە دەنوێنێت.
٦- خانووەکەتان نەفرۆشرا .
٧- ڕاسپاردەکە بە ئەوان جێبەجێ ناکرێت.

# دووەم : شێوازی ڕێژەی دانانی

**شێوازی دانانی** : ئەو ڕێژەیەی کارە کە ڕاستەوخۆ ئەنجامی ئەو هەواڵەی کەدەیداتە پاڵ کەسێك یان شتێك نایدات بەدەستەوە، بەڵکو لە شێوەی گومان ، ئارەزوو ، ئاوات ، یان مەبەستدا ، واتاکەی دەردەکەوێت .

ئەو ڕێژانەی کار کە لە شێوازی دانانیدا بەکاردەهێنرێن ئەمانەن:

شێوازی ڕێژەی

| | سادە | داڕێژراو | لێکدراو |
|---|---|---|---|
| ڕابردووی — نزیکی دانانی : ( قـــەد+با ) : | ڕۆشتبا | ڕاهێنابا ـ هێنابایەوە | دروستکـــرد با |
| ڕابردووی — تەواوی دانانی: ( قەد + بێت ) : | ڕۆشتبێت | ڕاهێنابێت ـ هێنابێتەوە | دروستکـــرد بێت |
| ڕابردووی — دووری دانانی : ( قەد + بووبا ): | ڕۆشتبووبا | ڕاهێنابووبا ـ هێنابووبایەوە | دروستکـــردبووبا |
| ڕانەبردووی دانانی: ( ب+ڕەگی کار+ م – ین / یت – ن / ات – ن / ێت : | بڕۆم | ڕابهێنم ـ بهێنمەوە | دروست بــکـەم |

# چەند ڕوونکردنەوەیەکی پێویست لەسەر (شێوازی ڕێژەی دانانی)

**تێبینی/ لە شێوازی ( ڕێژەی دانانی ) دا**

١- پێویستە (کارێکی یاریدەدەر)یان(ووشەیەکی تایبەت)هاتبێت لە ڕستەدا.

کارە یاریدەدەرەکان ئەمانەن : (دەبوو – دەبوایە – دەبێت – دەمەوێ – دەتوانین – دەمویست ....)

وشـــــەکـــان ئەمانەن : (خۆزگە – کاشکی – بریا – ڕەنگە – لەوانەیە – با – پێویستە ....)

٢- کارەکە ڕاستەوخۆ هەواڵێک نادات بەدەستەوە.

٣- گومان لە بەئەنجام گەیاندنی کارەکەدا هەیە.

ڕێژەی (ڕابردووی دانانی) ( تێپەڕ و تێنە پەڕ) ی

- ( بکەردیار) بە هەر سێ جۆرەکەیەوە هەمیشە لە ( قە د ) دروست دەکرێت.
- ( بکەردیار و بکەرنادیار) هەمیشە بە ئامرازی ( نە ) نەرێ دەکرێت .

نم/ کرییا ← نەکرییا

ڕۆشتبێتەوە ← نەڕۆشتبێتەوە

ئاوەدان کردبووبایەوە ← ئاوەدان نەکردبووبایەوە

نووسرابووبا ← نەنووسرابووبا

ڕێژەی (ڕانەبردووی دانانی) (تێپەڕ و تێنە پەڕ) بە کاری (بکەردیار)و(بکەرنادیار)ەوە

- لە (ڕەگی کار)دروست دەکرێت.
- بە ئامرازی(نە)نەرێ دەکرێت
- لەکاتی نەرێ کردندا ئامرازی(نە)دەچێتە شوێنی نیشانەی (بـ)

نم/ بکرم ← نەکرم

بڕۆم ← نەڕۆم

ئاوەدان بکەنەوە ← ئاوەدان نەکەنەوە

بنووسرێ ← نەنووسرێ

لەڕێژەی (ڕانەبردووی دانانی)دا جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاک:

- (ات) بەکاردێت ئەگەر ڕەگی کارەکە بە (ە–ۆ) کۆتایی هاتبێت.
  نم/ بکات – بشوات
- (ێت) بەکاردێت ئەگەر ڕەگی کارەکە بە (ە – ۆ) کۆتایی نەهاتبێت.
  نم/ بنوسێت- بچێت

تێبینی/ شێوازی ڕێژەی دانانی بە (ڕابردوو و ڕانەبردوو)ەوە، بە (بکەردیار و بکەرنادیار)ەوە ئامرازی (نە) نەرێ دەکرێ.

لە کاتی دروستکردنی هەر ڕێژەیەکی کاردا ئەگەر کارەکە داڕێژراو بە پاشگری (ەوە) بێت ئەوا بە پێی پێویست پیتی ناوبەند و گونجاندنی (ت) یان (ی) دادەنێن بۆ کارە کە.

(مەبەست لە بەکارهێنانی پیتی ناوبەند وگونجاندن ئەوەیە کە هەرگیز لە زمانی کوردیدا دووپیتی بزوێن بەدوای یەکدا نایەت).

نم/ بۆ شێوازی ڕێژەی:

- ڕابردووی نزیکی دانانی ← هێنابایە وە : ـ ڕۆشتبایەوە
- ڕابردووی تەواوی دانانی ← هێنابێتەوە : ـ ڕۆشتبێتەوە
- ڕابردووی دووری دانانی ← هێنابووبایەوە : ـ ڕۆشتبووبایەوە
- ڕانە بردووی دانانی ← بهێنمەوە : ـ بڕۆمەوە
- ڕابردووی بکەرنادیار ← هێنرابایە وە : ـ ——
- ڕانەبردووی بکەرنادیار ← بهێنرێتە وە : ـ ——

لە ڕێژەی (ڕانەبردووی دانانی) دا ئەگەر کار (داڕێژراو بە پێشگر) یان (لێکدراو) بوو،ئەوا نیشانەی(ب)دەچێتە دوای بەشی یەکەمی کارەکە، هەروەها دەگونجێ دەرنەکەوێت، ئەویش تەنها بۆ ئاسان دەربڕینی شێوازەکە :

نم/ ڕابکەم ← ڕاکەم     هەڵبکەوم ← هەڵکەوم

سەربخەم ← سەرخەم     سەربکەوم ← سەرکەوم

## هەندێک نموونەی ڕستە لەسەر شێوازی ڕێژەی دانانی :

**تێنەپەڕ**

١. بریا بۆ ئاهەنگەکە چووباین.
٢. ڕەنگە لە ژوورەکەدا خەوتبێت.
٣. کاشکی چووبووبام بۆ کتێبخانەکە.
٤. ڕەنگە بچم بۆ زانکۆ.

**تێپەڕ**

١. بریا نانەکەت خواردبا.
٢. لەوانەیە خانووەکەیان کڕیبێت.
٣. دەبوو وانەکەتان ئامادەکردبووبا.
٤. دەبێت منداڵەکان پەروەردەبکەین.

شنه عزيز حمه رحيم

# ڕێـــژەی کـــار

**ڕێژەی کار**/ئەو شێوەیەیە کە کار بەپێی دەم و کەس و ژمارەی کەس لە گەردان کردندا دەردەکەوێت،کاریش شەش ڕێژەی هەیە

کۆمەڵەی

م - مان
ت - تان
ی - یان

دەدرێنە پاڵ کاری

(ڕابردوی تێپەڕ)

بە هەردوو شێوازی ڕێژەی

**ڕاگەیاندن**

جێناوەکان دەچنە سەر کارەکە بەم شێوەیە:

| ڕابردووی نزیک | ڕابردووی دوور | ڕابردووی تەواو | ڕابردووی بەردەوام |
|---|---|---|---|
| هێنامان | هێنابوومان | هێناومانە | دەمان هێنا |
| هێنامانەوە | هێنابوومانەوە | هێناومانە تەوە | دە مان هێنایەوە |
| ڕامان هێنا | ڕامان هێنابوو | ڕامان هێناوە | ڕامان دەهێنا |
| بەدەستمان هێنا | بەدەستمان هێنابوو | بەدەستمان هێناوە | بەدەستمان دەهێنا |

**دانانی**

جێناوەکان دەچنە سەر کارەکە بەم شێوەیە:

| ڕابردووی نزیک | ڕابردووی دوور | ڕابردووی تەواو |
|---|---|---|
| هێنابـــامان | هێنابووبامان | هێنابێـــتمان |
| هێنابامانەوە | هێنابووبامانەوە | هێنابێتمانەوە |
| ڕامان هێنابا | ڕامان هێنابـووبا | ڕامان هێنابێت |
| بەدەستمان هێنابا | بەدەستمان هێنابووبا | بەدەستمان هێنابێت |

**ڕاگەیاندن**

هەمیشە جێناوەکان دەچنە (کۆتایی کارەکە) بێجگەلە (تەواوی ڕاگەیاندن)

| ڕابردووی نزیک | ڕابردووی دوور | ڕابردووی تەواو | ڕابردووی بەردەوام |
|---|---|---|---|
| چووین | چووبووین | چووینە | دەچووین |
| چووینەوە | چووبووینەوە | چووینەتەوە | دەچووینەوە |
| هەڵکەوتین | هەڵکەوتبووین | هەڵکەوتووینە | هەڵدەکەوتین |
| سەرکەوتین | سەرکەوتبووین | سەرکەوتووینە | سەردەکەوتین |

کۆمەڵەی

م - ین

یت - ن

⊘ - ن

دەدرێنە پاڵ کاری (ڕابردووی تێنەپەڕ) بە هەردوو شێوازی ڕێژەی

**دانانی**

هەمیشە جێناوەکان دەچنە (کۆتایی کارەکە)

| ڕابردووی نزیک | ڕابردووی دوور | ڕابردووی تەواو |
|---|---|---|
| چووباین | چووبووباین | چووبێتین |
| چووباینەوە | چووبووباینەوە | چووبێتینەوە |
| هەڵکەوتباین | هەڵکەوتبووباین | هەڵکەوتبێتین |
| سەرکەوتباین | سەرکەوتبووباین | سەرکەوتبێتین |

ڕاگەیاندن و دانانی (تێپەڕ)؛ هەمیشە جێناوەکان دەچنە (کۆتایی ڕەگی کارەکە)

| ڕانەبردووی ڕاگەیاندن | ڕانەبردووی دانانی |
|---|---|
| دەهێنم | بهێنم |
| دەهێنمەوە | بهێنمەوە |
| ڕادەهێنم | ڕابهێنم |
| بەدەست دەهێنم | بەدەست بهێنم |

کۆمەڵەی

م - ین

یت - ن

ات - ن

ێت

دە درێنە پاڵ کاری (ڕانەبردووی تێپەڕو تێنەپەڕ) بە هەردوو شێوازی ڕێژەی

ڕاگەیاندن و دانانی (تێنەپەڕ) هەمیشە جێناوەکان دەچنە (کۆتایی ڕەگی کارەکە)

| ڕانەبردووی ڕاگەیاندن | ڕانەبردووی دانانی |
|---|---|
| دەچـــم | بـــچـــم |
| دەچــمـــەوە | بچـــمـــەوە |
| هەڵدەکەوم | هەڵبکەوم |
| سەردەکەوم | سەربکەوم |

# چەند ڕوونکردنەوەیەکی پێویست لەسەر (ڕێـــژەی کـــار)

- هەندێك جار لە شێوەزاری سلێمانی لە کاتی ئاخاوتندا دەوترێت : (کەوتووم - کەوتووین)
(کەوتوویت- کەوتوون)
(کەوتــووە – کەوتوون)

- جێناوە لکاوەکانی(مان _ تان _ یان)بەم شێوەیە دروست کراون
  - مان=(م+ان)
  - تان=(ت+ان)
  - یان=(ی+ان)

- لە کرمانجی ژووروودا نیشانەی (دە) یان دەبێت بە (د) بۆ کاتی ئێستا یان (دێ) بۆ کاتی داهاتوو. نم/:دچم ، دێچم

- ئەگەر کارە ڕابردووە تێپەڕەکە (سادە) بوو ، لە شێوەی نەرێ دا بوو، لە هەموو دەمەکانی ڕابردوودا ، جێناوە لکاوەکان دەچنە دوای ئامرازی (نەرێ)، بەلاَم ئەگەر (داڕژراو یان لێکدراو) بوو، جێناوە لکاوەکان دەچنە دوای بەشی یەکەمی کارەکە

- (م- مان، ت-تان، ی-یان) لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕدا جێناوە کەسییە جوداکانی (من- مە ، تە- وە ، وی (وێ)- وان) بەکاردەهێنرێت . نم/ من چاند. ، وی چاند .

تێبینی/ بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر لەسەر (ڕێژەی کار) بنوارە لاپەڕە (٣٧-٣٨-٣٩)

# سێیەم : شێوازی ڕێژەی داخوازی

**ڕێژەی داخوازی** :ئەو ڕێژەیەیە کە قسەکەر بەشێوەی داواو فەرمان ،داوا لەکەسی دووەمی تاك ،یان دووەمی کۆ دەکات بۆ بەجێهێنان یان بەجێنەهێنانی کارێك .

شێوازی ڕێژەی داخوازی بۆ:

| شێوازی ڕێژەی داخوازی | سادە | داڕێژراو | لێکدراو |
|---|---|---|---|
| کە سی دووەمی تاك: ( بـ + ڕەگی کار + ە ): | بهێنە | ڕابهێنە – بهێنەرەوە | بەرهەم بهێنە |
| کە سی دووەمی کـۆ: ( بـ + ڕەگی کار + ن ): | بنوون | دابنیشن – بڕۆنەوە | سەر بکەون |

## چەند ڕوونکردنەوەیەکی پێویست لەسەر ( شێوازی ڕێژەی داخوازی )

شێوازی (ڕێژەی داخوازی)

- هە میشە لە ( ڕە گی کار ) دروست دە کرێت.
- بە ئامرازی ( مـــە ) نەرێ دەکرێت.
- لە کاتی نەرێ کردندا ئامرازی(مـە)دەچێتە شوێنی نیشانەی (بـ)
  - نم/ بکـــە ← مـــەکە
  - دوا بخە ← دوا مەخە
  - لەبەر بکە ← لەبەر مەکە
- جێناوی لکاوی (ە ـ ن) دەبنە (بکەر)و هەمیشە دەچنە(کۆتایی ڕەگی کارەکە).

لەگەڵ کاری(تێپەڕ و تێنەپەڕ) ی (سادە ـ داڕێژراو ـ لێکدراو) دا

## ★ لە کاری(داخوازی)دا جێناوی لکاوی (ە) بۆ (کەسی دووەمی تاک)

### دەرناکەوێت

ئەگەر ڕەگی کارەکە بە پیتێکی (بزوێن) کۆتایی هاتبێت

| چاوگ | ڕەگی کار | کاری داخوازی بۆ کە سی دووەمی تاک | کۆ |
|---|---|---|---|
| وتن | لـێ | بلێ | ن |
| گریان | گری | بگری | ن |
| شتن | شـۆ | بشۆ | ن |
| بردن | بـە | ببە | ن |
| نووستن | نـوو | بنوو | ن |

### دەردەکەوێت

ئەگەر ڕەگی کارەکە بە پیتێکی (نەبزوێن) کۆتایی هاتبێت

| چاوگ | ڕەگی کار | کاری داخوازی بۆ کە سی دووەمی تاک | کۆ |
|---|---|---|---|
| ڕشتن | ڕێژ | بـڕێژە | ن |
| هێنان | هێن | بـهێنە | ن |
| فرۆشتن | فرۆش | بفرۆشە | ن |
| مردن | مـر | بـمـرە | ن |
| نووسین | نووس | بـنووسە | ن |

تێبینی١/ لە کاری داخوازیدا جێناوی لکاوی ( ن ) بۆ کەسی دووەمی کۆ هەمیشە دەردەکەوێت

جا ئەگەر ڕەگی کارەکە بە ( بزوێن ) کۆتایی هاتبێت یان بە ( نەبزوێن ) وەك لە خشتەکەی سەرەوە دا نیشان دراوە

تێبینی٢/ ئەگەر کار دارێژراو بە پاشگری( ەوە) بێت، ئەوا لە کاتی دروستکردنی (کاری داخوازی بۆ کەسی دووەمی تاک)، پێویستە پیتی ناوبەند و گونجاندنی (ر) دابنرێت، چونکە جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاک بریتییە لە (ە) و لە زمانی کوردیشدا دوو پیتی بزوێن بە دوای یەکدا نایەت. نم/ : بنووسەرەوە بگەڕێرەوە

تێبینی ٣/لە شێوازی ڕێژەی داخوازیدا،ئەگەر کار (دارێژراو بە پێشگر) یان (لێکدراو)بوو، ئەوا نیشانەی (ب) دەچێتە دوای بەشی یەکەمی کارەکە، هەروەها دەگونجێت دەرنەکەوێت، ئەویش تەنها بۆ ئاسان دەربڕینی شێوازەکە:

ڕابـهێنە/ن ⟵ ڕاهینە/ن     هەڵبکەوە/ن ⟵ هەڵکەوە/ن

سەربـخە/ن ⟵ سەرخـە/ن     سەربکەوە/ن ⟵ سەرکەوە/ن

## لەكارى داخوازيدا بۆ ( ناسينەوە ) و ( جياكردنەوە ) ى

( ە ) وەكو

جێناوی لکاو بۆکەسی دووەمی تـاك

بە شێك لە ڕەگی كار

كارە داخوازييەكە لە دووەمى تـاكەوە دەگۆڕين بۆ دووەمى كۆ

ئەگەر

( ە ) گۆڕا بۆ ( ن )

ئەوا ( ە ) ەكە جێناوی لكاوە بۆ كەسی دووەمی تـاك

بنوسـە ← بنوسـن

رابهێنـە ← رابهێنـن

سەر بكەوە ← سەربكەون

( ە ) وەك خۆی مايەوە

ئەوا ( ە ) ەكە بەشێكە لەڕەگی كارەكە

بـكــە ← بـكــەن

رابـخـە ← رابـخـەن

ئە نجام بدە ← ئە نجام بدەن

كار هەيە لە دەستوور لادەدات، بەتايبەت كە دەدرێتە پاڵ كەسی دووەمی تـاک.
نم/ بچۆ – وەرە – هەرە

كاری (هات) ڕەگەكەی (هێ) يان (ێ)يەو كاری داخوازی لـێدروست دە كرێت:
- بە پێی دەستوور: بـێ– بێن
- بەبـێ دەستوور:وەرە– وەرن

تێبينی/ لە كاری (وەرە – وەرن)دا، تەنها جێناوەكان بە پێی دەستووره گشتييەكەی داخوازين، وەگەرنا نە (وەر) ڕەگی(هاتن)ە، وە نە(ب)دەركەوتووە.

### بەوردی سەرنج بدە لەم ڕستانەی خوارەوە پاشان جياوازی بكە لە نێوان هێڵ بە ژێردا هاتووەكاندا :

ـ منداڵە كە بهێنە ـ فە رشـــە كـــە رابــخە.

ـ وانە كە بنوسن ـ دەبـــێت وانە كە بنـوسن.

## جیاوازی چییە لە نێوان کاری داخوازی ( بنێرە وە ) بۆ کەسی دووەمی تاك لە هەردوو ڕستەی

**تەڵەکە لە باخەکەدا بنێرەوە.**

١ - کاری ڕستەکە لە چاوگی ( نانەوە ) وەرگیراوە.

٢-ڕەگی کارەکە پێکهاتووە لە ( نێ ، ەوە ).

٣- پیتی ( ڕ )پیتی ناوبەند وگونجانــد نە

**منداڵەکەمان بنێرەوە ( بنێرە رە وە ).**

١-کاری ڕستەکە لە چاوگی ( ناردنەوە ) وەرگیراوە.

٢-ڕەگی کارەکە پێکهاتووە لە ( نێر ، ەوە ).

٣- پیتی( ڕ ) بەشێکە لە ڕەگــی کــاری ( نێر )

## جیاوازی چییە لەنێوان کاری داخوازی ( ببە ) بۆ کەسی دووەمی تاك هەردوو ڕستەی

**ببە بەمامۆستا .**

١.لەچــاوگـــی ( بوون )ەوە وەرگیراوە .

٢. ڕەگی کارەکەی بریتییە لە( ب ).

٣-ڕەگی کارەکە بە پیتێکی ( نەبزوێن ) کۆتایی هاتووە .

٤.یاساى دروستبوونەکەی﴿ ب + ڕەگی کاری+ە﴾

٥.( ە )جێناوی لکاوە بۆکەسی دووەمی تاك ( بکەر )ە

**پەرتووکەکە ببە بۆ مامۆستا .**

١-لەچــاوگـــی ( بردن )ەوە وەرگیراوە.

٢- ڕەگی کارەکەی بریتییە لە ( بە ).

٣-ڕەگی کارەکە بە پیتێکی ( بزوێن )کۆتایی هاتووە

٤-یاساى دروستبوونەکەی﴿ ب+ڕەگی کاری﴾

٥-( ە ) بەشێکە لەڕەگی کارەکە خۆی،

( بکەری ڕستەکە دەرنەکەوتووە چونکە لەزمانی کوردیدا دوو پیتی بزوێن بەدوای یەکدا نایەت )

**تێبینی**/کاری داخوازی لە کرمانجی ژووروودا بە ئامرازی ( نە )نەرێ دەکرێت :

نم/ بخوینە ⟵ نە خوینە.

ـ لنك مروڤی نە خوش نە روینە.

# چەند نمونە و ڕوونکردنەوەیەکی گرنگ لەسەر هەرسێ شێوازی ڕێژەی

# (ڕاگەیاندن،دانانی،داخوازی)

(ڕابردووی ڕاگەیاندن) ی (تێپەڕو تێنە پەڕ) بە(بکەردیار و بکەرنادیار)ەوە.

(نە) بۆ کاری

ڕابردوو و ڕانەبردووی دانانی(تێپە ڕو تێنە پەڕ) بە(بکەردیار و بکەرنادیار)ەوە.

ئامرازەکانی نەرێ

بریتیین لە ئامرازی (نـا) بۆ کاری ← ڕانـەبـردووی ڕاگەیـانـدنی (تێپە ڕو تێنە پە ڕ) بە(بکەردیار و بکەرنادیار)ەوە.

(مـە)بۆ کاری ← داخـــــــــوازی (تێپە ڕو تێنە پەڕ).

لە کاتی‌نەرێ کردنی کاری:

(ڕانەبردووی ڕاگەیانـدن) دا ئامرازی(نا) دەچێتە شوێنی نیشانەی (دە):دەنووسم ← نانووسم

(ناتەواو بۆ دە می ئایندە) دا ئامرازی (نا) دەچێتە شوێنی نیشانەی (دە):دە بێت ← نابـێت

(ڕانـەبـردووی دانـانی) دا ئامرازی(نە) دەچێتە شوێنی نیشانەی (ب):بنووسم ← نەنووسم

(داخـــــــــوازی) دا ئامرازی (مە) دەچێتە شوێنی نیشانەی (ب):بنووسە/ن ← مەنووسە/ن

(باشتر وایە هە موو ڕێژە کانی کار بە پێی چۆنیەتی قسەکردنی خۆمان نەرێ بکەین).

تێبینی/ ئەگەر کار داڕێژراو بە پاشگری (ەوە) بێت، ئەوا بەپێی پێویست پیتی ناوبەند وگونجاندنی (ت – یـ – ر) دادەنێین لەکاتی دروستکردنی ڕێژەکانی (ڕاگەیاندن و دانانی و داخوازی ) دا.

(چاوگ)سەرچاوەیە بۆ دەستکەوتنی:

(قەد)قەدیش سەرچاوەیەکە بۆ دروستکردنی ← کاری ڕابــــردووی (ڕاگەیاندن ودانانی)

(ڕەگ)ڕەگیش سەرچاوەیەکە بۆ دروستکردنی:
- ← کاری ڕانەبردووی (ڕاگەیاندن ودانانی)
- ← کـــــــــــاری ( داخـــــــوازی )
- ← کاری ڕابردوو و ڕانە بردووی بکەرنادیار

# دوو تێبینی زۆر گرنگ

**یەکەم/** لە ڕستەدا بۆ ناسینەوەی کار لە ڕووی شێوازی ڕێژەی( ڕاگەیاندن –دانانی –داخوازی)،پشت بەم هەنگاوانەی خوارەوە دەبەستین :

آ/ کاری ڕستەکە دەگەڕێنینەوە بۆ چاوگ.

ب/ (قەد) و (ڕەگ)ی کارەکە لەبەر دەستی خۆماندا دادەنێین،

(پێویستە ئاگاداری هەر وشە و زیادەیەک بین کە لەگەڵ کارەکەدا هەیە و وەک خۆی دای بنێینەوە).

ج/ ئەگەر کارەکە لە:

- (قەد) دروستکرابێت،ئەوا یەکێک دەبێت لە ڕێژەکـــانی:
  - ڕابردووی ڕاگەیاندن
  - ڕابردووی دانـانـــی
- (ڕەگ) دروستکرابێت ،ئەوا یەکێک دەبێت لە ڕێژەکـــانی:
  - ڕانەبردووی ڕاگەیاندن
  - ڕانەبردووی دانـــــانی
  - داخـــــــــــــــــــوازی
  - ڕابردووی بکەر نادیـار
  - ڕانەبردووی بکەرنادیار

د/(دواتر جۆر و شێوازی هەریەک لەو ڕێژانە بەپێی یاسای تایبەتی و دیاریکراوی خۆیان دەناسینەوە و ناولێدەنێین وەك لەم نمونانەی خوارەوەدا خراوەتە ڕوو .)

## نمونە و ڕاهێنان :

| ڕستە | چاوگ | قە د | ڕە گی کار | ڕێژە ی کاری ڕستەکە | یاسای کاری ڕستەکە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١- دیوانەکەی چاپ کردووە. | چاپکردن | چاپکرد | چاپ کە | ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن | (قـــەد + ووە) |
| ٢- دەبوو باخچەکەیان ئاو دابا. | ئاودان | ئـــاودا | ئاو دە | ڕابردووی نزیکی دانانی | (قـــەد + با) |
| ٣-لە سەیرانەکە بەجێ دەمێنێت. | بەجێمان | بەجێما | بەجێ مێن | ڕانەبردووی ڕاگەیاندن | (دە +ڕەگ+ ێت) |
| ٤- دەبێت منداڵ خزمەت بکەین. | خزمەت کردن | خزمەت کرد | خزمەت کە | ڕانەبردووی دانـــــانی | (ب +ڕەگ+ ین) |
| ٥-وانەکە بنووسە. | نووسین | نووسی | نووس | داخـــــــــــــوازی | (ب + ڕەگ + ە) |
| ٦- خانووەکە فرۆشرا. | فرۆشتن | فرۆشت | فرۆش | ڕابردووی بکەر نادیار | (ڕەگی کـــار+ را) |
| ٧-قوتابخانەکە دادەخرێ. | داخستن | داخست | دا خە | ڕانەبردووی بکەر نادیار | (دە +ڕەگی کار+رێ) |

دووەم/ بۆ ناسینەوەو جیاکردنەوەی کاری ( تێپەڕ و تێنەپەڕ ) لە ڕستەدا پشت بە یەکێك لەم خاڵانە دەبەستین :.

١- کاری تێپەڕ هەمیشە پێویستی بە ( بەرکار ) هەیە بۆ تەواوکردنی واتاکەی

بەڵام کاری تێنەپەڕ پێویستی بە( بەرکار ) نییە بۆتەواوکردنی واتاکەی.

٢-( قەد )ی چاوگەکە وەردەگرین و پاشان بە پێی قسەکردنی خۆمان جێناوەلکاوەکانی دەخەینە سەر

ئەگەر کۆمەڵەی یەکەم ( م- مان ، ت- تان ، ی- یان ) ی وەرگرت ئەوا ئەو کارە ( تێپەڕە )

بەڵام ئەگەر کۆمەڵەی دووەم ( م- ین ، یت- ن ، ∅- ن ) ی وەرگرت ئەوا ئەو کارە ( تێنەپەڕە )

## نمونە و ڕاهێنان :

| ڕستە | چاوگ | قەد | کاری تێپەڕ | کاری تێنەپەڕ |
|---|---|---|---|---|
| ١. فوتابییەکە سەرەدە کەوێت. | سەرکەوتن | سەرکەوت | | سەرکەوتم- ین |
| ٢. دەبوو چووبام بۆ زانکۆ | چوون | چوو | | چووم- ین |
| ٣. باخەکە ئاوەدان دەکەمەوە. | ئاوەدان کردنەوە | ئاوەدان کرد ەوە | ئاوەدانم- مان کردەوە | |
| ٤. دەبێت بگەڕێمەوە بۆ پۆل. | گەڕانەوە | گەڕا ەوە | | گەڕام-ین ەوە |
| ٥. گڵۆپەکە هەڵ بکە. | هەڵ کردن | هەڵ کرد | هەڵم- مان کرد | |
| ٦. وێنەکە شێوێنرا. | شێواندن | شێواند | شێواندم- مان | |
| ٧. کوردستان دەپارێزرێ. | پاراستن | پاراست | پاراستم- مان | |

کەواتە بۆ ناسینەوەی کار لە ڕووی هێزەوە تەنها پێویستمان بە (قەد)ی چاوگ دەبێت. (دەبێت ئاگامان لەچاوگە شازەکان بێت).

★ ڕێژەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن = قەدی چاوگ.

★ چاوگ سەرچاوەیە بۆ درووستکردنی هەموو ڕێژەکانی کار.

## چۆن جێناوی لکاوی (ن) بۆ کەسی (دووەمی کۆ) جیا بکەینەوە لە

**(شێوازی ڕێژەی داخوازی)**
(ب+ڕەگی کار+ن)

١-پێویستی بە ووشەی تایبەت و کاری یاریدەدەر نییە لە ڕستەکەدا.
نم/ وانە کە بنــــووسن

٢-بە نیشانەی (مە) نەرێ دەکرێت.
نم/ وانەکە مەنـــووسن

٣- داخوازی و فەرمانی تێدایە .

٤-تەنها جێناوی لکاوی (ە،ن) وەردەگرێت.

**(شێوازی ڕێژەی دانانی)**
(ب+ڕەگی کار+ن)

١-پێویستی بە ووشەی تایبەت وکاری یاریدەدەر هەیە لە ڕستەکەدا.
نم/ دەبێت وانەکە بنـــووسن

٢- بە نیشانەی (نە) نەرێ دەکرێت.
نم/ دەبێت وانەکە نەنـــووسن

٣- - داخوازی و فەرمانی تێدا نییە

٤-هەموو جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی (م ،ین- یت ،ن-ات/یت،ن ) وەردەگرێت.

### لەچـــاووگی(هەڵ هاتن)ڕێژەی

- ڕانەبردووی ڕاگەیاندن: هەڵ دێین ⟵ هەڵ نا یێن (هەڵ نا یەین)
- ڕانەبردووی دانـــانـی: هەڵبێین ⟵ هەڵ نە یێن (هەڵ نە یەین)
- داخـــــــــــوازی : هەڵبێ ⟵ هەڵ مەیێ (هەڵ مە یـە)

### چاووگی (ویستن) لە دەستوور لادەرە (شازە) ورێژەی (ڕانەبردووی ڕاگەیاندن و دانانی)

بە پێی یاسا لێ دروست ناکرێت،وە کۆمەڵەی جێناوە کەسییە لکاوەکانی (م- مان،ت- تان،ی- یان)وەردەگرێت.

نم/ (ویستن)

- ڕانەبردووی ڕاگەیاندن ⟵ دەمەوێ دەمانەوێ, ⟵ (نامەوێ,نامانەوێ)
- ڕانەبردووی دانـــانـی ⟵ بمەوێ , بمانەوێ ⟵ (نەمەوێ,نەمانە وێ)

شنه عزيز حمه رحيم

## جیاوازی چییە لە نێوان شێوازی ڕێژە ی

**ڕاگەیاندن** بە( ڕابردوو و ڕانەبردوو ) ەوە

١- پێویستی بەکاری یاریدەدەر یان وشەیەکی تایبەت نییە لە ڕستەکەدا .

٢-گومان لەبەئەنجام گەیاندنی کارەکەدا نییە . .

٣- ڕاستەوخۆ هەواڵێك دەدات بە دەستەوە.

نم / ـ نانـەکەی خـوارد . ( ڕابــردوو )

ـ کورد پێش دەکەوێت . ( ڕانەبردوو )

**دانــانی** بە ( ڕابردوو و ڕانەبردوو ) ەوە

١- پێویستە کارێکی یاریدەدەر یان وشەیەکی تایبەتی هاتبێت لە ڕستەکەدا

٢-گومان لەبەئەنجام گەیاندنی کارەکەدا هەیە.

٣- ڕاستەوخۆ هەواڵێك نادات بە دەستەوە.

نم / ـ بریا نانەکەی خواردبــا . ( ڕابــردوو )

ـ دەبێت کورد پێش بکەوێت. ( ڕانەبردوو )

لەچاوگی ( نوسین )کاری :

- ڕابردووی بکەر نادیاری ( ڕاگەیاندن ) ← نوسرا، نوسـراوە ، نوسرابـوو ، دەنوسرا
- ڕابردووی بکەر نادیاری ( دانــانی ) ← نوسرابا، نوسرابێت ، نوسرابووبا
- ڕانەبردووی بکەرنادیاری ( ڕاگەیاندن ) ← دەنوســــــــرێ
- ڕانەبردووی بکەر نادیاری ( دانــانی ) ← بنوســــــــرێ

شێوازی ڕێژەی ڕاگەیاندن لە کرمانجی ژووروودا بریتییە لە ڕێـــژە ی

ڕابــــــردووی

- نزیکی ڕاگەیاندن : قـــە د ← فرۆشت
- تەواوی ڕاگەیاندن : قە د + ییە , یە ← فرۆشتییە
- دووری ڕاگەیانـدن : قە د + بــوو ← فرۆشتبوو
- بەردەوامی ڕاگەیاندن : د + قــــەد ← د فرۆشت

ڕانەبردووی ڕاگە یاندن بۆدە می

- ئێستا ( د+ڕەگی کار+ (م - ین / یت- ن / ات- ن / ێت) ) نم / د فرۆشم
- ئایندە ( دێ+ڕەگی کار+ (م - ین / یت- ن / ات- ن / ێت) ) نم / دێ فرۆشم

# چوارەم : شێوازی مەرجی

## {ڕستەی ئاوێتەی مەرج}

ڕستەی ئاوێتەی مەرجی پێکدێت لە

ڕستەی کاری مەرج ( پاڕستە )
تیایدا ڕێژەی کار هەمیشە یان

ڕاگەیاندن : کە ڕا پەڕین بەرپابوو , بە ئامانج گەشتین .

دانـــانی : هەتا یەکـــنەگرین , سەرنـــاکەوین

ڕستەی وەڵامی مەرج ( شاڕستە )
تیایدا ڕێژەی کار هەمیشە یان

ڕاگەیاندن : ئەگەر نەورۆز هات , ئەم دێچینە سەیرانێ .

داخـوازی :کەی چوویت بۆ پەرتووکخانە,گۆڤارەکە ببەرەوە.

## چەند ڕوونکردنەوەیەکی پێویست لەسەر ( شێوازی مەرجی )

١- لەکاتی بەکارهێنانی کار لە ڕستەدا ئەگەر ڕوودانی کارێك مەرج بێت بۆ ڕوودانی کارێکی تر لەوبارەدا بەو کارە , بەو ڕێژەو ئاوەڕۆکییە دەگوترێت ڕستەی ئاوێتەی مەرجی . ( شێوازی مەرج )

٢- لە ڕستەی ئاوێتەی مەرجدا ئامرازی لێکدەری { تا – هەتا – هەتاکو – کە – هەکە – کەی – ئەگەر } , پێیان دەوترێت {ئامرازی لێکدەری مەرج}

٣- ( ڕستەی کـاری مەرج ) ڕستەیەکی سەرەکی نییە و ئامرازی لێکدەری مەرج دەکەوێتە پێشیەوە، بەلام ( ڕستەی وەڵامی مەرج ) ڕستەیەکی سەرەکییەو ئامرازی لێکدەری مەرج ناکەوێتە پێشیەوە .

٤- لە ڕستەی ئاوێتەی مەرجدا بەشێوەیەکی گشتی ڕستەی کاری مەرج دەکەوێتە سەرەتای ڕستەکە , بەلام دەگونجێ هەندێك جار ڕستەی وەڵامی مەرج بکەوێتە سەرەتای ڕستەکەوە. نم/دەچین بۆ سەیران، کە نەورۆز هات.

٥- ڕوودانی کاری مەرج مەرجە بۆ ڕوودانی کاری وەڵامی مەرج .

٦- لەڕستەی ئاوێتەی مەرجیدا تەنها ئەو کارانە دەکرێن بە بکەرنادیار کە تێپەڕن,
نم/کەی بایەخ بە پیشەسازی بدرێت، وڵات پێش دەکەوێت.

٧- لە ڕستەی ئاوێتەی مەرجیدا کار ڕێژەی تایبەتی خۆی نییە ,
بەڵکو هەمان ئەو کارانەن کە لە شێوازی ( ڕاگەیاندن و دانانی و داخوازی ) دا بەکارهێنراون,
بەلام لێرەدا بۆ مەبەستی بنچی خۆیان بەکار نەهێنراون بەڵکو بۆ مەبەستی مەرج بەکارهێنراون.

٨- هەمیشە ( کاری مەرج ) لەڕستەی کاری مەرج ( پاڕستە ) و ( کاری وەڵامی مەرج ) لەڕستەی وەڵامی مەرج ( شاڕستە )دایە.

# هەندێک نموونەی ڕستە لەسەر شێوازی مەرجی(ڕستەی ئاوێتەی مەرج)

**کاری مەرج (ڕاگەیاندن) و کاری وەڵامی مەرج (ڕاگەیاندن) بێت :**

١. ئەگەر وێنەکەی کێشابوو، نمرەی بۆ دادەنێم .
٢. کە ڕاپەڕین بەرپابوو، بەئامانج گەیشتین.
٣. تا ئێوە ئامادەدەبن، من دەگەڕێمەوە.
٤. ئەگەر زوو گەیشت، بەجێی ناهێڵم.
٥. هەتاکو خۆت ئامادەدەکەیت،من نانەکەم دەخۆم.

**کاری مەرج (ڕاگەیاندن) و کاری وەڵامی مەرج (داخوازی) بێت :**

١. کەی چوویت بۆ پەرتوکخانە، گۆڤارەکە ببەرەوە •
٢. ئەگەر زوو هات،منداڵەکەی پێدا بنێرەوە •
٣. ئەگەر زوو ئامادە بوو، بەجێی مەهێڵە •
٤. کەی بوویت بە ئەندازیار، گوندەکان ئاوەدان بکەرەوە •
٥. کە نانەکەتان خوارد، زوو وەرنەوە •

**کاری مەرج (دانانی) و کاری وەڵامی مەرج (ڕاگەیاندن)بێت.**

١. ئەگەر ئەوان هاتبان، کارەکەیان ئەنجام دەدا.
٢. ئەگەر ئێوە چووبێتن، ئێمە ناچین.
٣. ئەگەر زوو ڕۆشتبووبا، پێیان دەگەیشت .
٤. هەتا نەچم بۆ ماڵیان، چاوم پێی ناکەوێت .
٥. ئەگەر یەکبگرین، سەردەکەوین .

**کاری مەرج (دانانی)و کاری وەڵامی مەرج (داخوازی)بێت :**

١- ئەگەر پەنجەرەکەی شکاندبێت، لێی مەدە .
٢. ئەگەر کەمێک دوابکەون، بەجێیان مەهێڵن.
٣. ئەگەر وانەکەی خوێندبێت ، پارمەتی بدە .
٤. ئەگەر نەیەت بۆ زانکۆ، مۆڵەتی بۆ وەرمەگرە .
٥. ئەگەر ئێمە بڕۆین، ئێوەش وەرن.

# کاری چاوگی بوون (هەبوون)

**ئەو کارانەی کە لە چاوگی (بوون)ەوە وەردەگیرێن بریتین لەمانەی خوارەوە:**

چاوگی (بوون) دە بێتە کاری:

یەکەم (تەواوی تێپەڕ) ئەگەر:
- بەواتـای (خاوەنـدارێتی)هـات : پـارەم هـەبوو. / هـەیە / دەبێت
- بەواتـای (لەدایک بوون) هـات : سـارا منداڵی بـوو./_/دەبێت

دووەم (تەواوی تێنەپەڕ) ئەگەر:
- بەواتای (بوون،وجوود) هـــــات : من هــەبـووم./هەم/ دەبـــم
- پێشگری (هەڵ ، ڕا)ی لەپێشەوە هات : چراکە هەڵبوو./_/هەڵدەبێت
- وشەیەکی(واتـادار)ی لەپێشەوە هـات : کارەکە تەواوبوو./_/تەواودەبێت

سێیەم (یـــاریـــدەدەر) ی:
- (دەبـــوو) ← دەبوو چووبام لە گـەڵیان .
- (دەبووایە) ← دەبووایە کارەکەت ئەنجام دابا .
- (دەبـێـت) ← دەبێت ئەمساڵ دەربچـم .

چوارەم (کـاری نـاتـەواو) ی:
- (بوو) بۆ دەمی ڕابردوو ← کـاوە مـامـۆسـتـا بـــوو .
- ( ە ) بۆ دەمی ئێستـا ← کـاوە مـامـۆسـتـایـــە .
- (دەبێت) بۆ دەمی ئاینده ← کـاوە دەبـێت بە مامۆستا .

ئـەو وشـانەی کە دە بنە تەواوکەری ( کاری ناتەواو ) بریتین لە

- نـــــاو : ئـه وه ئــازاد بوو.
- چـاوگـــــ : هیوامان سەرکەوتنە.
- جیناوی کەسی سەربەخۆ : کتیبەکە بە من بوو.
- هـــــاوه ڵناو : کچەکە زیرە کـە .
- هـــــاوە لکار : ئەمـرۆ شه ممەیە.

جیناوە سەربەخۆکانی کە دەبنە تە واوکەری ( کاری ناتەواو ) بریتین لە

- جێناوی خۆی : کتێبەکە بە خۆیانە.
- جـێنـاوی نادیار : کتێبەکە بە فلان بوو.
- جێناوی کەسی سەربەخۆ : کتێبەکە بە مـن بوو.
- جێناوی پرس : کتێبەکە بە کێ یە.
- جێناوی نیشانە : کتێبەکە بە ئەوانە بوو.

کاری ناتە واوی ( ٥ )

- دەرناکەوێت — ئەگەر نیهادی ڕستەکە جێناوە لکاوەکانی ( م- ین / یت-ن / - ن ) بێت نم/کورد ( م- ین / یت-ن / - ن )
- دەردەکەوێت — ئەگەر نیهادی ڕستەکە کەسی سێیە می تاك ( ∅ ) بیت • نم/کـورد ∅ ه.

# ئەركی ( ە ) لە ڕێزمانی كوردیدا

بزوێن( ە )لە ڕێزمانی كوردیدا دەتوانێت ببێتە :

**یەكەم: ئــامـــــرازی**

- ( بانگكردن ) و بەدوای ناودا دێت : كــوڕە بخوێنـــە.
- ( پێناسین ) كە كورتكراوەی ( ەكە ) یە : ژنـــە هەژاربـــوو.
- ( لێكدەر ) , بۆ دروستكردنی وشەی لێكدراو : ڕەشە با ـ گوڵەگەنم .
- ( دانە پاڵ ) ( گرێی ناوی ) دروست دەكات : مەڕە لاوازەكەم فرۆشت .
- ( پەیوەندی ) ,دەلكێت بەكۆتایی كاری :
  - ڕابردوو : كــاوە هاتــە لامان .
  - ڕانەبردوو : ئازاد دەبێتە ئەندازیار.
  - داخوازی : بـــڕۆنـــە دەرێ.

**دووەم: ( جێناوی لكاو ) بۆ كەسی**

- ( دووەمی تاك ) لەگەڵ كاری ( داخوازی )دا : وانــەكە بنووســە .
- ( سێیەمی تاك ) لەگەڵ كاری ( ڕانەبردووی ڕاگەیاندن ) : چیـــرۆكی دنقیـــسە .

**سێیەم: ( پاشگر ) بۆ دروستكردنی**

- ( وشەی نوێ ) بەواتای نوێ ← سەوزە ـ دەستــە
- ( هاوەڵناوی كراوی داڕێژراو ) : لەگەڵ هەندێك قەدی چاوگدا : كــردە ـ بــردە

**چوارەم: ( كاری ناتەواو )** ئەگەر كاری سەرەكی لە ڕستەكەدا نەبوو ← ســارا زیــرەكە .

تێبینی/ ( ە ) دە شبێتە( كەرتی دووەمی هاوەڵناوی نیشانە ) ← ( ئەم پیاوە,ئەوكوڕە ) .

# چەند ڕوونکردنەوەیەکی پێویست لەسەر چاوگی ( بوون ) و ئەرکی ( ە ) لە ڕێزمانی کوردیدا

کاری چاوگی ( بوون ) بە هیچ شێوەیەك کارا نادیاریان لێ دروست ناکرێت .

ئەو کارانەی لە چاوگی ( بوون ) ەوە وەرگیراون لەبنەڕەتدا لەچاوگی ( هەبوون ) ەوە سەرچاوەیان گرتووە ، بەلاّم وشەی ( هـــە ) لەهەندێك باری ڕستەدا دەرناکەوێت یان ناوترێت.

ئەگەر پێشگرێك یان وشەیەکی واتادار بوو بە بەشێك لەکاری ( بوو - دەبێت ) و بەهەردووکیانەوە کارێکی واتاداری ( داڕێژراو ) یان ( لێکدراو ) دروست دە کات و بەوکارە دەگوترێت ( تەواوی تێنە پەڕ ).

لەچاوگی ( بوون ) کاری ( تەواوی تێنە پەڕ ) ی

( داڕێژراو ) دروست دەکرێت بەم شێوە یە :

پێشگری ( هە ڵ , ڕا , پێ ) + بوو/دەبێت

هەڵ بوو - هەڵ دەبێت

ڕ ابوو - ڕا دەبێت

پێ بوو - پێ دەبێت (گلۆپەکە پێ بوو .)

( لێکدراو ) دروست دەکرێت بەم شێوە یە :

وشەیەکی واتادار +بــوو/دەبــێت

سـوربوو - سوردەبێت

پە یدابوو - پەیدادەبێت

تەواوبوو - تەواودەبێت

لە هەندێ ناوچەی شێوەزاری کرما نجی ژووروودا دەگوترێت ( ئەو چیرۆکێ دنقیسە ) ,ئەگینا لە ناوچەکانی تردا دەگوترێت ( ئەو دەرسێ دنقیسیت . )

تێبینی/ ( ە ) جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاك لە ( کرما نجی ژووروو )دا

ئەگەر کاری ( بوو – ە – دەبێت ) نەیتوانی بەتەنها واتای ڕستەکە تەواوبکات پێویستی بە وشە یان بەشێکی تر هەبوو ، ئەو دەمە ئەو کارانە دەبنە کاری ناتەواو .

کاری ناتەواو نەرێ دەکرێت بە هۆی ئامـرازی:

- ( نـــە ) بۆ دەمی ڕابردوو ( نەبـوو )
- ( نـــی ) بۆ دەمی ئێستا ( نـیـیە )
- ( نـــا ) بۆ دەمی ئایندە ( نـابێت )

( بوو ) دەشبێتە نیشانەی ( ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن ).نم/مندالّەکە هاتبوو.

هەندێك نمونەی زیاتر لەسە کاری ناتەواوی ( ە ) کە لە ڕستەدا

- دەرناکەوێت : ١- شاریم/ین. ٢-خوێـیم/ین. ٣-دلّسۆزم/ین.
- دەردەکەوێت : ١-شارییە. ٢-خوێـیە. ٣-دلّسۆزە

**تایبه تمەند ییەکانی کاری ناتەواوی( بوو – ە – دەبێت )**

- لەچاوگی ( بوون )ەوە وەرگیراون .
- سەر بە( شێوازی ڕاگەیاندنن ).
- باری ( ئەرێ و نەرێ ) یان هەیە .
- لەڕووی هێزەوە تێنە پەڕن .
- بەهیچ شێوەیەك كارا نادیار یان لێ دروست ناكرێت .
- هەمیشە بۆ تەواوكردنی واتاكانیان پێویستیان بەتەواوكەری ڕاستەوخۆ یان یاریدەدەرهەیە.

**( ە ) دەبێتە پاشگر بۆدروستكردنی وشەی نوێ بەواتای نوێ بەهۆی**

- ( نـــاو + ە ) ⟵ دەستـە - زستانـە - هاوینـە
- ( هاوەڵناو+ ە ) ⟵ تەختـە - سـەوزە - چـاكە
- ( قـــەد+ ە ) ⟵ كـردە - بـردە - كـوشتە
- ( ڕەگی كار + ە ) ⟵ پـرسـە-نـاڵـە – كـۆكـە

## نمونەو ڕاهێنان :

**بەوردی سەرنج بدە لەم ڕستانەی خوارەوە پاشان جیاوازی بكە لەنێوان وشە هاوشێوەكاندا.**

| | |
|---|---|
| ١_ پارەم هەیـە /بوو | ـ كارەبا هەیـە/بوو . |
| ٢_ من لێرە دە بم. | ـ من دە بم بە مامۆستا |
| ٣_ ڕەنگی كراسەكە سور بوو. | ـ كاوە سور بوو لەسەر بڕیارەكەی . |
| ٤_ ئەمە بۆ بەندەكەمە . | ـ ئەمە بۆ بەندە كەمە . |
| ٥_ مامۆستای دڵسۆز بەڕێزە . | ـ پەرتووكەكەم بە بەڕێزە . |
| ٦_ خانوومان نییە . | ـ سارا زیرەك نییە . |
| ٧_ كتێبەكە بە ئەوانە . | ـ كتێبەكە بە ئەوانەیە . |
| ٨_ كاوە زیرەك بوو | ـ وانەكەم خوێند بوو |
| ٩_ ئەو خۆی خانووی بوو. | ـ ئاوەكە سازگار بوو . |
| ١٠_ چـــاكە ئە نجام بدە . | ـ مامۆستاكە چاكە . |
| ١١_ سارا دەبوو بە مامۆستا | ـ دەبوو كارەكەت ئە نجامدابا. |
| ١٢_ كاوە دەبێت بە ئەندازیار. | ـ دە بێت كارەكەم ئە نجام بدەم. |
| ١٣_ ئەو قوتابییەكی بێ دەنگ بوو | ـ ئەو لە مافەكانی خۆی بێ دەنگ بوو. |
| ١٤_ مامۆستای باش سەركەوتووە. | ـ منداڵ سەركەوتووە بۆ سەردارەكە. |
| ١٥_ دەم ویستø. | ـ دەم ویست منداڵەكە بگۆڕم . |

**بەوردی سەرنج بدە لەم نوسراوەی خوارەوە و دواتر هەوڵ بدە هەموو ئەركەكانی ( ە ) ی تێدا بناسێنیت:**

كورە, چاكە بكە، ئەم سورەچنارە مەبڕە, لەكردەی پەشیمان دە بیتەوە, چونكە بەرهەمی كرێكارە دڵسۆزەكانە, بێجگە لەوەش دەبێتە سێبەر بۆ باخەوانە، ل هەمبەر ئەم كارەدا خودێ دلۆڤان پاداشتت بۆ دنڤیسە( دنڤیسیت ).

# كۆمه‌ڵه‌ی جێناوه‌كان



**ئەركی جێیناوە كەسییە لكاوەكان لە ڕستەدا**

- **یەكەم : وەكو بكە ر**
- **دووەم : وەكو بەركار**
- **سێیەم : وەكو تەواوكەری بەیاردەی كار**
- **چوارەم : وەكو دیارخەری ناو**

**تێبینی/** ئە ركی جێیناوە كەسییە لكاوەكان لە ڕستەدا وەكو ( دیارخەری ناو ) كۆتا بابەتی ڕێزمانی پۆلی دوانزدەیەمە بەلاّم لەبەر پەیوەندی نزیكی بەم سیّ ئەركەی تری جێناوە لكاوەكانەوە پێش خراوە بۆ ئێرە.

بۆ چۆنیەتی ناسینەوەی ئەركی جێناوە كەسییە لكاوەكان لەڕستەدا پشت بە دوو خاڵ دەبەستین :.

١-بە پێی یاسا و جۆری كارەكە .

٢-بەگێڕانەوەی جێناوە كەسییە لكاوەكان بۆ جێناوە كەسییەسەربەخۆكان :

( جێناوە كەسییەلكاوەكان دەكەینەوە بە جێناوی كەسی سەربەخۆ پاشان جێناوە سەربەخۆكان چ ئەركێكیان بینی لەڕستەكەدا ئەوا جێناوە لكاوەكانی كە بەرامبەر بەو جێناوە سەربەخۆیانە هاتوون هەمان ئەرك دەبینن. )

# یەکەم :ئەرکی جێناوە کەسییە لکاوەکان لە ڕستەدا وەکو بکەر

★ کۆمەڵەی :

م — مان
ت — تان
ی — یان

لەگەڵ کاری (ڕابردووی تێپەڕ) دا

ئەگەر بەرکار باس کرابێت جێناوەکان دەچنە دوای بەرکارەکە

١ — گۆڤارێکـم کــــڕی.　٢ — کتێبەکەت خوێندووەتەوە.

٣ — فەرشەکەی ڕاخستبوو.　٤ — مەرەکـەی سەردەبــــڕی.

- ئەگەر بەرکار باس نەکرابێت جێناوەکان دەچنە سەر کارەکە بەم شێوەیە لە:

| | ڕابردووی نزیك | ڕابردووی دوور | ڕابردووی تەواو | ڕابردووی بەردەوام |
|---|---|---|---|---|
| سادە | کڕیـمان | کڕ یـــوومان | کــڕیــومانە | دەمان کــڕی |
| (داڕێژراوبە پاشگر) | خوێندمانەوە | خوێندبوومانەوە | خوێندوومانەتەوە | دەمان خوێندەوە |
| داڕێژراوبە پێشگر | ڕا مان خست | ڕامان خستبوو | ڕامان خستووە | ڕامان دەخست |
| لێکدراو | سەرمان بڕی | سەرمان بڕییوو | سەرمان بڕیوە | سەرمان دەبڕی |

★ کۆمەڵەی :

م — ین
یت — ن
Ø — ن

لەگەڵ کاری (ڕابردووی تێنە پەڕ) دا

دە بنە بکەر و دەکەونە کۆتایی کارەکە

جگە لە (ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن)کە جێناوەکان دەچنە نێوان نیشانەی (وە — ووە)

| ڕابردووی نزیك | ڕابردووی دوور | ڕابردووی تەواو | ڕابردووی بەردەوام |
|---|---|---|---|
| چــــووین. | چووبـــووین. | چووینە. | دەچووین. |
| گــــەڕاینەوە. | گەڕابـــووینەوە. | گەڕاوینەتەوە. | دەگەڕاینەوە. |
| تێگەیشتین. | تێگەیشتبووین. | تێگەیشتووینە. | تێدەگەیشتین. |
| سەرکەوتین. | سەرکەوتبووین. | سەرکەوتووینە. | سەردەکەوتین. |

★ کۆمەڵەی :

م — ین
یت — ن
ات/ێت — ن

لەگەڵ کاری (ڕانەبردووی تێپەڕ و تێنە پەڕ) دا :

ئەرکی بکەر دەبینن و دەونە کۆتایی ڕەگی کارەکە

| کاری ڕانەبردووی تێپەڕ | کاری ڕانەبردووی تێنە پەڕ |
|---|---|
| ١– گۆڤارێك دەکــــرم - ین | ١ — دەچــــم. — ین |
| ٢ — کتێبەکە دەخوێنیتەوە - ن | ٢ — دەگەڕێــیتەوە — ن |
| ٣ — فەرشەکە ڕادەخـات. — ن | ٣ — تێدەگـــات. — ن |
| ٤ — مەڕەکە سەردەبڕێت - ن | ٤ — سەردەکەوێت. - ن |

★ کۆمەڵەی :

ە — ن

لەگەڵ کاری (داخوازی تێپەڕ و تێنە پەڕ) دا

ئەرکی بکەر دەبینن و دەکەونە کۆتای ڕەگی کارەکە

| کاری داخوازی تێپەڕ | کاری داخوازی تێنە پەڕ |
|---|---|
| ١ — گۆڤارێك بکرە . — ن | ١ — بچـۆ. — بــچن. |
| ٢ — کتێبەکە بخوێنەرەوە. — ن | ٢ — بگەڕێرەوە. — بگەڕێــنـەوە. |
| ٣ — فەرشەکە ڕا بخە. — ن | ٣ — تێبگە. — تێبگــەن. |
| ٤ — مەڕەکە سەربڕە. - ن | ٤ — سەربکەوە. — سەربکـەون. |

# چەند ڕوونکردنەوەیەکی زیاتر لەسەر ئەرکی جێناوە کەسییە لکاوەکان وەکو بکەر

⭐ لە ڕێژەی (ڕانەبردووی ڕاگەیاندن ودانانی) دا
جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاک لە ئەرکی بکەردا

← (ات) بەکاردێت ئەگەر ڕەگی کارەکە بە (ە – ۆ) کۆتایی هاتبێت،
نم/ دەکات – دەشوات ← بکات - بشوات

← (ێت) بەکار دێت ئەگەر ڕەگی کارەکە بە (ە – ۆ) کۆتایی نەهاتبێت،
نم/ دەنووسێت – دەچێت ← بنوسێت- بچێت

## ⭐ جێناوی لکاو وەکو بکەر دەرناکەوێت

بۆ

**کەسی دووەمی تاک ( ە )** ئەگەر کارەکە (داخوازی تێپەڕ و تێنە پەڕ) بێت ورەگی کارەکە بە پیتی (بزوێن) کۆتایی هاتبێت.

١- ئاوەکە بخۆ.
٢- بژی .

**کەسی سێیەمی تاک (∅)** ئەگەر کارەکە (ڕابردووی تێنە پەڕ) بێت

١– هات ∅.
٢–مرد ∅.

## ⭐ جیاوازی چییە لەنێوان هەردوو ڕستەی

**فەرشەکەمان دە شۆرد .**

١-بکەر لە کۆمەڵەی (م-مان،ت-تان،ی-یان)ە.
٢-جێناوی لکاوی بکەر چووەتە سەر بەرکار.
٣-کاری ڕستەکە (ڕابردووی تێپەڕ)ە .
٤-کاری ڕستەکە لە (قەد ) دروستکراوە.
٥-کاری ڕستەکە بە ئامرازی (نە ) نەرێ دەکرێت.
٦ – ئامرازی (نە) دەچێتە بەردەم نیشانەی (دە)

**فەرشەکە دەشۆین .**

١-بکەر لە کۆمەڵەی(م-ین،یت-ن، ات/ێت-ن).
٢-جێناوی لکاوی بکەر چووەتە کۆتایی کار .
٣-کاری ڕستەکە (ڕانەبردووی تێپەڕ)ە .
٤- کاری ڕستەکە لە (ڕەگ ) دروستکراوە.
٥- کاری ڕستەکە بە ئامرازی (نا) نەرێ دەکرێت.
٦- ئامرازی (نا) دەچێتە شوێنی نیشانە ی (دە).

## شوێنی جێناوە کەسییە لکاوەکان وەکو بکەر دەچنە سەر کارەکە وشوێنیان دەگۆڕێت بە پێی :

١-جۆری کارەکە لەڕووی دارشتنەوە ( سادە ـ دارێژراو بە پاشگر یان پێشگر ـ لێکدراو ).

٢-ڕێژەی کار ( نزیك , تە واو , دوور , بەردەوام ).

٣-( ئەرێ و نەرێ ).

**کۆمەڵەی یەکەم** ( م – مان / ت – تان / ی – یان ) لەگەڵ کاری ( ڕابردووی تێپەڕ ) دا دەبنە بکەر و شوێنیان دەگۆڕێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

١-ئەگەر کارەکە ( سادە, دارێژراو, لێکدراو ) بێت و بەرکار باسکرابێت, ئەوا جێناوی لکاوی بکەر دەچێتە دواى بەرکارەکە.

نم/ پە نجەرەکەم سڕی.

بەلآم ٢-ئەگەر بەرکارەکە باس نەکرابێت ئە وا جێناوە کەسییە لکاوەکان دەچنە سەر کارەکە بەم شێوەیەی خوارە وە:

### لە باری ( ئەرێ ) دا

ئەگەر کارە کە لە ڕووی دارشتنە وە

( سادە, دارێژراو بە پاشگر )بێت جێناوی لکاوی بکەر لە دەمی ڕابردووی

( نزیك و دووری ڕاگەیاندن ) دا دەچنە کۆتایی کارە کە

سڕیمان - سڕیبوومان

بـردمانە وە - بردبوومانەوە

( تەواوی ڕاگەیاندن ) دا دەچنە نیوان نیشانەی( وە )

سڕیومانە

بردوومانە تە وە

( بە ردە وامی ڕاگە یاندن ) دا دەچنە دوای نیشانەی ( دە )

دە مان سڕی

دە مان بردە وە

( دارێژراو بە پێشگر, لێکدراو )بێت جێناوی لکاوی بکەر دەچنە دوای بەشی یەکەمی کارە کە

ڕامان خست - سە رمان خست

## له باری ( نەرێ ) دا

ئەگەر کارە کە لە ڕووی دارِشتنە وە

( سادە, دارِێژراو بە پاشگر ) بێت لە دەمی ڕابردووی ( نزیك, دوور, تەواو, بەردە وام ) ی ڕاگە یاندن دا

ئامرازی نەرێ ( نە )دەچێتە بەردەم جێناوی لکاوی بکە ر

نم / نە مان سرِی
نە مان سرِی بوو
نە مان برد ووە تە وە
نە مان دەبردەوە

( دارِێژراو بە پێشگر, لێکدراو ) بێت لە دە می ڕابردووی ( نزیك , دوور , تەواو, بەردە وام ) ی ڕاگەیاندن دا

ئامرازی نەرێ ( نە ) دە چێتە دوای جێناوی لکاوی بکەر ( بەردەم کارە کە )

نم / ڕا مان نە خست
ڕا مان نە خستبوو
سەرمان نە ختسووە
سەرمان نە دە خست

| م ـ ین |
|---|
| یت ـ ن |
| Ø- ن |

**کۆمەڵەی دووەم** لەگەڵ کاری ( ڕابردووی تێنپەڕ ) ی ( سادە ـ دارِێژراو بە پاشگریان پێشگر ـ لێکدراو ) ئەرکی بکەر دە بینن و دەکەونە کۆتایی کارەکە لە دە می ڕابردووی ( نزیك, دوور, بەردە وام ) ی ڕاگە یاندن دا .

## له باری ( ئەرێ ) دا

| ڕابردووی نزیک | ڕابردووی دوور | ڕابردووی بەردەوام |
|---|---|---|
| هاتین | هاتبووین | دەهاتین |
| هاتینەوە | هاتبووینەوە | دەهاتینەوە |
| هەڵکەوتین | هەڵکەوتبووین | هەڵدەکەوتین |
| سەرکەوتین | سەرکەوتبووین | سەردەکەوتین |

**بێجگە** لە ( ڕابردووی تەواوی ڕاگە یاندن ) نەبێت کە جێناوە کان دەچنە نێوان نیشانەی ( وە ).

| ڕابردووی تەواو |
|---|
| هاتـــووینە |
| هاتـــووینەتەوە |
| هەڵکەوتووینە |
| سەرکەوتووینە |

**تێبینی** / هەندێك جار لـە شێوەزاری سلێمانی لە کـاتی ئاخاوتـندا دەوترێت :

( هاتووم - هاتووین )
( هاتوویت - هاتوون )
( هاتووØە — هاتوون )

## لە باری ( نەرێ ) دا

ئەگەر کارەکە لە ڕووی دارشتنەوە

- ( سادە , دارێژراو بە پاشگر ) بێت,ئامرازی نەرێ ( نـە ) دەچێـتە  بەردەم  کارەکە لەهەموو دە مەکانی ڕا بردووی ( نزیك, دوور, تەواو, بەردە وام ) دا
- ( دارێژراو بە پێشگر, لێکدراو ) بێت,ئامرازی نەرێ ( نـە ) دەچێتە دوای بەشی یەکەمی کارەکە ( بەردەم کارە کە )

★ ( تۆش هەوڵ بدە ئەو کارانەی ناو خشتەکە نەرێ بکەو پاشان سەرنج بدە لە شوێنی( ئامرازی نەرێ ) و( جێناوی لکاوی بکەر ) لەسەر کارەکان )

★ **کۆمەڵەی** ( سێیەم: م ـ ین / یت ـ ن / ات/ێت ـ ن ) لەگەڵ کاری ( ڕانەبردووی تێپەڕ و تێنە پەڕ ) و ( چوارەم: ە ـ ن ) لەگەڵ کاری ( داخوازی تێپەڕ و تێنە پەڕ ) ی

( سادە ـ دارێژراو بە پاشگر یان پێشگر ـ لێکدراو )دەبنە بکەر و هەمیشە دەکەونە ( کۆتایی ڕەگی کارە کە ) لە هەردوو باری ئەرێ و نەرێ دا .

تێپەڕ

| ڕانەبردووی ڕاگەیاندن | وداناانی |
|---|---|
| دەهێنم | بهێنم |
| دەهێنمەوە | بهێنمەوە |
| ڕادەهێنم | ڕابهێنم |
| بەدەست دەهێنم | بەدەست بهێنم |

تێنە پەڕ

| ڕانەبردووی ڕاگەیاندن | وداناانی |
|---|---|
| دەچــــــــم | بچم |
| دەچـــــــــمەوە | بچمەوە |
| هەڵدەکەوم | هەڵبکەوم |
| سەردەکەوم | سەربکەوم |

| کاری داخوازی تێپەڕ | کاری داخوازی تێنە پەڕ |
|---|---|
| ١ـ بکرە . ـ ن | ١ـ بچۆ. ـ بچن. |
| ٢ـ بخوێنەرەوە. ـ ن | ٢ـ بگەڕێرەوە. ـ بگەڕێنەوە. |
| ٣ـ ڕا بخە. ـ ن | ٣ـ تێبگە. ـ تێبگەن. |
| ٤ـ سەربڕە. ـ ن | ٤ـ سەربکەوە. ـ سەربکەون. |

★ هە وڵ بدە ئەو کارانەی ناو خشتەکەی سەرەوە نەرێ بکەو پاشان سەرنج بدە لە شوێنی ( ئامرازی نەرێ ) و ( جێناوی لکاوی بکەر ) لەسەر کارە کان.

شنه عزيز حمه رحيم

# دووەم : ئەرکی جێناوی کەسی لکاو لە ڕستەدا وەکو بەرکار

## کۆمەڵەی

م – مان

ت – تان

ی – یان

دە بنە بەرکار لەگەڵ کاری

### (ڕابردووی تێپەڕ)ی

| بەرکار | بکەر |
|---|---|
| م – مان | م – مان |
| ت – تان | ت – تان |
| ی – یان | ی – یان |

- سادە : گرتــمی . — گرتـمانی.
- داڕێژراو : ڕامی هێنا. — ڕامانی هێنا.
- لێکدراو : سەرمی خست. — سەرمانی خست.

### (ڕانەبردووی تێپەڕ)ی

| بەرکار | بکەر |
|---|---|
| م – مان | م – ین |
| ت – تان | یت – ن |
| ی – یان | ات ، یت – ن |

- سادە : دەم گرێت . — دەمان گرێت.
- داڕێژراو : ڕام دەهێنێت. — ڕامان دەهێنێت.
- لێکدراو : سەرم دەخات. — سەرمان دەخات .

### (داخوازی تێپەڕ)ی

| بەرکار | بکەر |
|---|---|
| م – مان | - - |
| - - | ە – ن |
| ی – یان | - - |

- سادە : بـمـگرە. — بـمانگرن.
- داڕێژراو : ڕام بهێنە. — ڕامان بهێنن.
- لێکدراو : سەرم بخە. — سەرمان بخەن.

## کۆمەڵەی

م – ین

یت – ن

Ø – ن

دەبنە بەرکار لەگەڵ کاری (ڕابردووی تێپەڕ)

ئەگەر کارەکە لە ڕووی داڕشتنەوە

### (سادە) بێت و

بکەر کەسی ( یەکەم و دووەمی تاك و كۆ ) بێت ، بەرکار دوای بکەر دە کەوێت

گرت

| بکەر | بە رکار |
|---|---|
| م . مان | م – ین |
| ت . تان | یت – ن |
| - . - | Ø – ن |

بکەر کەسی (سێیەمی تاك و كۆ) بێت ، بەرکار پێش بکەر دەکەوێت

گرت

| بە رکار | بکەر |
|---|---|
| م – ین | - . - |
| یت – ن | - . - |
| Ø – ن | ی . یان |

### (داڕێژراو و لێکدراو) بێت هەمیشە جێناوی لکاوی بەرکار دەچنە کۆتایی کارەکەوە

کاری داڕێژراو: ڕا ... هێنا

| بکە ر | بە رکار |
|---|---|
| م – مان | م – ین |
| ت – تان | یت – ن |
| ی – یان | Ø – ن |

کاری لێکدراو: سەر ... خست

| بکە ر | بە رکار |
|---|---|
| م – مان | م – ین |
| ت – تان | یت – ن |
| ی – یان | Ø – ن |

# چەند ڕوونکردنەوەیەکی زیاتر لەسەر ئەرکی جێناوە کەسییە لکاوەکان وەکو بەرکار

★ کە دەڵێین بەرکار واتە دەبێت کار هەمیشە تێپەڕ بێت چونکە تەنها کاری تێپەڕ پێویستی بە بەرکار هەیە .

★ لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕ هەردوو کۆمەڵەی ( م-مان، ت-تان، ی-یان ) و ( م-ین، یت-ن، Ø-ن ) دەتوانن ئەرکی ( بەرکار ) ببینن.

★ جێناوی لکاو بۆ کەسی ( سێیەمی تاک ) لەدەوری ( بەرکار ) دا

| دە ردە کە وێت | دە رناکە وێت |
| --- | --- |
| ئەگەر: ١- کاری ڕستەکە( ڕانەبردوو و داخوازی تێپەڕ ) بێت | ئەگەر: ١- کاری ڕستەکە( ڕابردووی تێپەڕ ) بێت |
| ٢-بەرکار لەکۆمەڵەی ( م-مان، ت-تان، ی-یان ) بێت | ٢- بەکار لەکۆمەڵەی ( م-ین، یت-ن، Ø-ن )بێت |
| نم/ دەی گرم-ڕای دەهێنم-سەری دەخەم | نم/ گرتم Ø، ڕام هێنا Ø، سەرم خست Ø |
| نم/ بی گرە/ن، ڕای بهێنە/ن، سەری بخە/ن | |

تێبینی/ لەگەڵ کاری ( ڕابردووی تێپەڕ ) یشدا جێناوی لکاوی ( ی ) بۆکەسی سێیەمی تاك لەدەوری بەرکاردا هەیە ،

بەڵام زۆرجار بۆ ئاسانکردنی دەربڕین دەرناکەوێت .( بەتایبەتی ئەگەر کارەکە لە ڕووی دارشتنەوە سادە بێت . )

نم/گرت□م ، ڕا□م هێنا ، سەر□م خست .

★ لەبەر ئەوەی لەگەڵ کاری ( داخوازی ) دا جێناوی لکاوی ( بــــکەر ) ( کەسی دووەمی تاك یان دووەمی کۆیە )

ئەوا جێناوی لکاوی ( ت- تان ) ناتوانن ئەرکی ( بەرکار)ببینن لەگەڵیدا

بــ [ م – مان / - - / ی – یان ] گــرە / ن. ( درووستە )

بــ [ ت - تان ] گــرە / ن. ( نادروستە ).

## هەردوو کۆمەڵەی جێناوەکەسییە لکاوەکانی (م – مان / ت - تان / ی _ یان) و (م-ین / یت-ن / Ø -ن) دەبنە بەرکار بەم شێوەیەی خوارەوە:

**کۆمەڵەی یەکەم** (م – مان / ت - تان / ی _ یان) لەگەڵ کاری (ڕابردوو و ڕانەبردوو و داخوازی) تێپەڕی (سادە , داڕێژراو , لێکدراو) ئە رکی بەرکار دەبینن و دەچنە سەر کارەکە بەم شێوە یەی خوارە وە:

(١) ئەگەر کارە کە (ڕابردووی تێپە ڕ) بێت و لە ڕووی دارشتنەوە

- (سادە) بێت جێناوی لکاوی بەرکار دەچنە نێوان کار و جێناوی لکاوی بکە ر

برد + (م – مان / ت - تان / ی _ یان) + (م – مان / ت - تان / ی _ یان)

- (داڕێژراو , لێکدراو) بێت جێناوی لکاوی بەرکار دەچنە دوای بەشی یەکەمی کارە کە

ڕا / سەر + (م – مان / ت - تان / ی _ یان) + (م – مان / ت - تان / ی _ یان) هێنا / خست

**تێبینی**/لەگەڵ کاری (ڕابردووی تێپە ڕ) ی (سادە ، داڕێژراو ، لێکدراو) هەمیشە جێناوی لکاوی بەرکارپیش جێناوی لکاوی بکەر دێت لە هەردوو باری (ئەرێ و نەرێ) دا.

(هە وڵ بدە ئەو ڕستانە خالی (١) نەرێ بکە و پاشان سەرنج بدە لە شوێنی (ئامرازی نەرێ) و شوێنی (جێناوە کە سییە لکاوەکان) لەسەر کارە کان .)

(٢) ئەگەر کارەکە (ڕانەبردوو و داخوازی تێپە ڕ) بێت و لە ڕووی دارشتنە وە

- (سادە) بێت جێناوی لکاوی بەرکار لە باری ئەرێدا دەچنە
  - دوای نیشانەی (دە) لە (کاری ڕانە بردوو) دا : دە یان گرین ← نـا یان گرین.
  - دوای نیشانەی (ب) لە (کاری داخوازی) دا : بـیان گرە/ن ← مە یان گرە/ ن.

- (داڕێژراو بە پێشگر , لێکدراو) جێناوی لکاوی بەرکار دەچنە دوای (بەشی یەکەمی کار)ە کە لە هە ردوو باری ئە ری و نە ری دا
  - ڕایان دەهێنین: ← ڕایان نـاهێنین.
  - سەریان دە خەین: ← سەر یان نـاخەین.
  - ڕایان بهێنە/ن ← ڕایان مـەهێنە/ن.
  - سەریان بخە /ن ← سەریان مـەخە /ن.

**کۆمەڵەی دووەم** (م - ین / یت - ن / Ø - ن) لەگەڵ کاری ( ڕابردووی تێپەڕ)ی ( سادە ، داڕێژراو، لێکدراو )ئەرکی بەرکار دەبینن بەم شێوەیەی خوارە وە لەهەردوو باری ( ئەریٚ و نەریٚ ) دا .

ئەگەر کارەکە لە ڕووی داڕشتنەوە:

(سادە ) بێت — بە مە رجیٚ:

بکەر کەسی( یەکەم و دووە می تاك و کۆ ) بێت, جێناوی لکاوی بەرکار دەچنە کۆتایی کارە کە

| | بکەر | بەرکار |
|---|---|---|
| برد | م – مان | م-ین |
| | ت - تان | یت-ن |
| | _ _ | Ø -ن |

بکەر کەسی( سێیە می تاك و کۆ ) بێت ، جێناوی لکاوی بەرکار پێش جێناوی لکاوی بکەر دەکەوێت

| | بەرکار | بکەر |
|---|---|---|
| برد | م-ین | - - |
| | یت-ن | - - |
| | Ø -ن | ی _ یان |

( داڕێژراو بە پێشگر , لێکدراو ) بێت جێناوی لکاوی بەرکار دەچنە کۆتایی کارە کە

| | بکەر | | بەرکار |
|---|---|---|---|
| ڕا / سە ر | م – مان | هێنا / خست | م-ین |
| | ت - تان | | یت-ن |
| | ی _ یان | | Ø -ن |

**تێبینی** /دەشگونجیٚ ئەگەر کار لە ڕووی داڕشتنەوە سادە بێت و بکەر کەسی( یەکەم و دووەمی تاك و کۆ ) بێت جێناوی لکاوی بەرکار پێش جێناوی لکاوی بکەر بکەوێت. نم/بردینتان

لە کرمانجی ژووروودا کۆمەڵە جێناوی ( م-ین ، یت-ن ، Ø-ن ) دەبنە بەرکار لەگەڵ کاری ( ڕابردووی تێپەڕ ) دا .

ئازادی (ئەز-ئەم / تو-هوین / ئەو-ئەو) دیـــت (م-ین / یت-ن / Ø -ن) ـ ئازادی ئەز دیتم . **واتە** : ( ئازاد منی بینی . )

بەوردی سەرنج لەم ڕستانەی خوارە وەبدە:

١-ئە وان ئێمە یان برد. ⟵ ئێمە یان برد. ⟵ بردمانیان . یان بردینیان.

٢- ئە وان ئێمە دە بە ن. ⟵ ئێمە دە بە ن. ⟵ دە مان بە ن.

٣ - تۆ ئێمە ببە. ⟵ ئێمە ببە . ⟵ بمان بە .

بەوردی سەرنج لەم ڕستە لەیاسا بەدەر( شاز ) ە بدە و بزانە چ جیاوازییەکی تێدا بەدی دەکەیت ؟

| ده | | ـه وی | |
|---|---|---|---|
| | م – مان | | م - ین |
| | ت- تان | | یت - ن |
| | ی _ یان | | ات/ێت- ن |

تیبێنی/ ( بزوێن ( ـه ) بە شێك نییە لە ڕەگی کارەکە و تەنها بۆ ئاسانکاری لە دە ڕبریندا بەکاردێت ).

## نمونەو ڕاهێنان:

جیاوازی بکە لەنێوان ئەرکی جێناوە کەسییە لکاوەکان لەم ڕستانەی خوارەوەدا .

| | |
|---|---|
| ١.دەیـــان بردین . | ـ دەیان بەین . |
| ٢. پار هەڵی بژاردین . | ـ ئەم ساڵ هەڵی دەبژێرین . |
| ٣.دەمــــانەوێیت . | ـ دەمـــان گریت . |
| ٤-سەرمانت خست. | ـ سە رت خستین. |
| ٥- بردینیان. | ـ بردیانین. |
| ٦-گرتیانین. | ـ دە یان گرین. |

## تیبێنی/بۆ زیاتر دڵنیا بوون

(( جێناوە کەسییەلکاوەکان بکەرەوە بە جێناوی کەسی سەربەخۆ ، پاشان جێناوە کەسییەسەربەخۆکان چ ئەرکێکیان بینی لەڕستەکەدا ئەوا جێناوە لکاوەکانی کە بەرامبەر بەو جێناوە سەربەخۆیانە هاتوون هەمان ئەرك دەبینن ).

نم/ بردمانیان. ئەوان ئێمە یان برد . ئەوان/بکە ر کەواتە یان/بکەر

ئێمە/بەرکار مان/بەرکار

شنه عزيز حمه رحيم

# سێیەم: ئەرکی جێناوی کەسی لکاو لە ڕستەدا وەکو تەواوکەری بەیاریدە

**تــێپەڕ بە** (سپاردن)

ڕابــردوو : کارەکەی پێــم سپارد.
پێمـی سپارد.

بکەرنادیار : کارەکەم پێ سپێررا . / دەسپێررێ
پێم سپێررا . / دەسپێررێ

ڕانەبردوو : کارەکەم پێ دەسپێرێت.
پێم دەسپێرێت.

داخوازی : کارەکەم پێ بسپێرە / ن.
پێم بسپێرە / ن.

کۆمەڵەی

| |
|---|
| م – مان |
| ت – تان |
| ی – یان |

دەبنە تەواوکەری بە یاریدە لە گەڵ کاری

**تێنەپەڕ بە**

ڕابردوو : پارەکەم لێ کەوت.
لێم کەوت.

ڕانەبردوو : پارەکەم لـێ دەکەوێت .
لێم دەکەوێت .

داخوازی : پێم بگە – ن.

کۆمەڵەی

| |
|---|
| م – ین |
| یت – ن |
| Ø – ن |

دەبنە تەواوکەری بەیاریدە لەگەڵ کاری

ڕابردووی تێپەڕ (هەمیشە دەچنە کۆتای کارەکە)

کارەکە [م – مان / ت – تان / ی – یان] پێ سپارد [م – ین / یت – ن / Ø – ن].

پێ [م – مان / ت – تان / ی – یان] سپـــارد [م – ین / یت – ن / Ø – ن].

هەڵە بجەی شەهید

# چەند ڕوونکردنەوەیەکی زیاتر لەسەر ئەرکی جێناوە کەسییە لکاوەکان وەکو تەواوکەری بەیاریدە:

★ لە جێناوی لکاو لەدەوری تەواوکەری بەیاریدە دا مەرجە یەکێك لە ئامرازە پەیوەندییەکانی ( پێ – تێ – لێ – بۆ ) لە پێش کارەکەوە هاتبێت لە ڕستەکەدا

★ هەردوو کۆمەڵەی جێناوە کەسییە لکاوەکانی

| | |
|---|---|
| م – مان | م-ین |
| ت -تان | یت-ن |
| ی _ یان | Ø -ن |

و دەبنە تەواوکەری بەیاریدە بەم شێوەیەی خوارەوە:

کۆمەڵەی یەکەم

| |
|---|
| م – مان |
| ت- تان |
| ی _ یان |

لەگەڵ کاری ( تێپەڕ و تێنە پەڕ ) دا دەبنە تەواوکەری بەیاریدە، بەم شێوەیەی خوارەوە:.

(١) لەگەڵ کاری تێپەڕدا

ئەگەر کاری ڕستەکە:

( ڕابردووی تێپەڕ ) ی ( سادە، دارێژراو ، لێکدراو ) بێت جێناوی لکاوی تەواوکەری بەیاریدە ڕاستەوخۆ لەدوای ئامرازە پەیوەندییەکەوە دێت بەلام ئەگەر بەرکار لابرا جێناوی لکاوی بکەر دوای جێناوی لکاوی تەواوکەری بەیاریدە دێت .

نم/ وانەکەیان پێمان خوێندەوە. ⟵ پێمانیان خوێندەوە .

( ڕابردوو و ڕانەبردوو )ی ( بکەرنادیار ) بێت و جێگری بکەر باسکرابێت جێناوی لکاوی تەواوکەری بەیاریدە دەچێتە دوای جێگری بکەر ، بەلام ئەگەر جێگری بکەر لابرا دەچنە سەر ئامرازە پەیوەندییەکە .

نم/ پارەکەیان لێ ستێنرا. ⟵ لێیان ستێنرا .

نم/ پارەکەیان لێ دەستێنرێت. ⟵ لێیان دەستێنرێت .

( ڕانەبردوو و داخوازی تێپەڕ ) ی ( سادە، دارێژراو، لێکدراو )بێت ، و بەرکار باسکرابێت جێناوی لکاوی تەواوکەری تەواوکەری بەیاریدە دەچنە دوای بەکارەکە، بەلام ئەگەر بەرکار لابرا ئەوا دەچنە سەر ئامرازەپەیوەندییەکە.

نم/ وانەکەیان تێ دەگەیەنێت . ⟵ تێیان دەگەیەنێت .

پرسیارەکەیان بۆ چاپ بکە/ن. ⟵ بۆیان چاپ بکە/ن.

② لەگەڵ کاری تێنە پەڕ دا :

ئەگەر کاری ڕستەکە
- (ڕابردوو و ڕانەبردووی تێنە پەڕ) ی( سادە، داڕێژراو، لێکدراو )بێت و بکەر باسکرابێت جێناوی لکاوی تەواوکەری بەیاریدەی کار دەچنە دوای ئەو ناوەی کە بکەرە ، بەلام, ئەگەر وشەی بکەر لابرا دەچنە سەر ئامرازە پەیوەندییەکە.
  نم/ نامەکەم بۆ هات . ← بۆم هات.
- ( داخوازی تێنە پەڕ )بێت ، ئەوا جێناوی لکاوی تەواوکەری بەیاریدە هەمیشە لەدوای ئامرازە پەیوەندییەکەوە دێت.

نم/ پێیان بگە/ن . ← تێیان بگە / ن.

**کۆمەڵەی دووەم** | م-ین، یت-ن، ∅-ن | لەگەڵ کاری ( ڕابردووی تێپەڕ)ی ( سادە، داڕێژراو، لێکدراو ) دەبنە تەواوکەری بەیاریدەی کار و هەمیشە دەکەونە کۆتایی کارەکەوە ، لەهەردوو باری ( ئەرێ و نەرێ ) دا.

کارەکەی پێ سپارد | م- ین، یت- ن، ∅-ن
پێی سپارد

★جێناوی لکاو بۆ( کەسی سێیەمی تاك ) لەدەوری ( تەواوکەری بەیاریدە )دەرناکەوێت ، ئەگەر:.
کاری ڕستەکە( ڕابردووی تێپەڕ ) بێت و کۆمەڵەی دووەمی جێناوە لکاوەکان ( م - ین، یت-ن، ∅-ن )ی وەرگرتبێت .

نم/ کارەکەت پێ سپارد ∅.

منداڵەکەم بۆ ڕاهێنا ∅.

پرسیارەکانم بۆ چاپ کرد ∅ .

★لەبەر ئەوەی لەگەڵ ( کاری داخوازیدا ) جێناوی لکاوی ( بـــکەر ) ( کەسی دووەمی تاك یان دووەمی کۆیە )
ئەوا جێناوی لکاوی ( ت-تان ) ناتوانن ئەرکی ( تەواوکەری بەیاریدە )ببینن لەگەڵیدا .

پـێ [م – مان / - - - / ی - یان] بگـە / ن ). ( دروستە )

پـێ [ت - تان] بگـە / ن. ( نادروستە ).

★لەگەڵ کاری ( ڕانە بردوو و داخوازی تێپەڕ ) داهەندێ جار ئامراز و جێناوی لکاوی تەواوکەری بەیاریدە دەکەونە دوای کارەکەوە بەتایبەتی لەکاتی ئاخاوتن دا :

نم/: دەی نێرێت بـــۆ [م – مان / ت - تان / ی _ یان]

بـی نێرە بـــۆ

تێبینی / ئەگەر کاری ڕستەکە ( ڕانەبردوو و داخوازی تێپەڕ ) بوو بەرکاری ڕستەکە ( ناوێك یان جێناوێك یان هاوەڵناوێك ) بوو بەدیارخەری, ئەوا جێناوی کەسی لکاوی تەواوکەری بەیاریدە دەچێتە دوای دیارخەرەکانی بەرکارەکەوە .

| ئەگەر ( دیارخەرەکانی بەرکار ) | کاری ( ڕانەبردووی تێپەڕ ) | کاری ( داخوازی تێپەڕ ) |
|---|---|---|
| ١. ( نـــاو ) بێت | ١.منداڵەکەی سارامـــان بۆ دەهێنێت . | ١.منداڵەکەی سارامـــان بۆ بهێنە / ن . |
| ٢. ( جێنـــاو ) بێت | ٢. پەرتوکەکەتانـم لێ وەردەگـــرێت. | ٢. پەرتوکەکەیانـم لێ وەربــگرە / ن . |
| ٣. ( هاوەڵناو ) بێت | ٣.خانووە خۆشەکەتـان پێ دەفرۆشێت . | ٣.خانووە خۆشەکەیان پێ بفرۆشە / ن. |

## نمونەو ڕاهێنان:

## زۆر بەوردی سەرنج لەم ڕستانەی خوارەوە بدە و بزانە چ شتێکی نامۆیان تێدا بەدی دەکەیت؟

١.گوێم لێتە/بوو / دەبێت .

٢.کاری پێمانە /بوو / دەبێت .

٣.نایەنە ماڵمـان.

٤.ئە و کراسە ی کە دامیتـێ زۆر گران بوو.

٥. پارە ی داینـێ.

٦.زۆرسوپاس لە گە ڵمان مایتە وە.

٧.کارە کە مان لە سەرحساب دەکەن.

## نمونەو ڕاهێنان :

بەوردی سەرنج بدە لەم ڕستانەی خوارەوە و دواتر شوێن و ئەرکی جێناوە کەسییەلکاوەکان دەستنیشان بکە .

| | |
|---|---|
| ١. پێیان دەکەنم. ( کوردستانی ڕۆژهەڵات ). | ـ پێیان پیٚ دەکەنم . |
| ٢. هەواڵەکەمی پیٚ گەیشتووە. | ـ خواردنەکەم پیٚ گەیشتووە . |
| ٣. پارەکەی بۆ وەرگرتین . | ـ پارەکەی وەرگرتین . |
| ٤. پێیانم فرۆشتیت . | ـ پێیانم بفرۆشە . |
| ٥. پەرتوکەکەی سارامان بۆ نارد ∅. | ـ پەرتوکەکەی سارامان بۆ دەنێنرێت . |
| ٦. دەبوو ڕۆمانە تازەکەیان بۆ چا پکردباین . | ـ دەبێت ڕۆمانە تازەکەیان بۆ چاپ بکەین . |
| ٧. دەیانێرم بۆتان . | ـ بۆتانیان دەنێرم . |
| ٨. بۆمانیان بانگ کردیت. | ـ بانگیان کردیت بۆمان. |
| ٩. دە م هێنا∅بۆیان. | ـ بۆیان دەهێنم. |
| ١٠. ڕامان دەهێنن بۆتان . | ـ ڕامانییان هێنا بۆتان. |
| ١١. دیارییەکەمان لێت وە رگرت. | ـ دیارییەکەمانت لیٚ وەردە گرێت. |
| ١٢. لێمیان سە ندیتە وە. | ـ لێمیان دە سێنیتە وە. |
| ١٣. فێریان دە کە ین بۆتان. | ـ فێریان کردین بۆتان. |
| ١٤. سارامان پیٚ بەخێوکرد∅. | ـ سارامان پیٚ بەخێو نە کرا. |
| ١٥. سۆما یان پیٚ بەخێو دە کە ین. | ـ سۆما یان پیٚ بەخێو ناکریٚ. ( پێیان بەخێو ناکریٚ. ) |
| ١٦. سروە یان پێمان بەخێوکرد. | ـ سروە مان پیٚ بەخێو نەکرا. ( پێمان بەخێو نەکرا. ) |
| ١٧. ئەمانەمان پیٚ دروست∅. | ـ ئەمانەمان پیٚ دروستکرا. |
| ١٨. پەرتوکەکەی کە دام /مان پێت کوانیٚ ؟ | ـ پەرتوکەکەی کە پێت دام/ین کوانیٚ ؟ |
| ١٩. تێمان بگە / ن. | ـ لێمان مەدە/ن |
| ٢٠. لێمان مە ڕوانە /ن. | |
| ٢١. تێت ناگە ین. _ لێت تی ٚناگە ین. | |
| ٢٢. ئە وە یان لیٚ پەسەند ناکات. | |
| ٢٣. بۆت نووسیوم بۆت بنووسم ئە من چیم. | |
| ٢٤. لەویٚ نەبوویت بزانیت خە ڵکی کۆشکی چۆنمان پیٚ پیٚ دەکەنین. ( چۆن پێمان پیٚ دەکەنین ) | |
| ٢٥. بیرە نەوتێك بۆی دەسوتێین و پیێی دەسوتێین!!! | |

### تێبینی/بۆ زیاتر دڵنیا بوون

(( جێناوە کەسییەلکاوەکان بکەرەوە بە جێناوی کەسی سەربەخۆ ، پاشان جێناوە کەسییەسەربەخۆکان چ ئەرکێکیان بینی لەڕستەکەدا ئەوا جێناوە لکاوەکانی کە بەرامبەر بەو جێناوە سەربەخۆیانە هاتوون هەمان ئەرك دەبینن ).

# چوارەم : ئەرکی جێناوی کەسی لکاو لە ڕستەدا وەکو دیارخەری ناو

**کۆمەڵەی**

| |
|---|
| م – مان |
| ت – تان |
| ی – یان |

دە بنە دیارخەری ناو لەگەڵ کاری

**( تێپەڕ ) ی** ( گەیاندن )

- ڕابردوو : پەیامەکەمانتان گەیاند.
- بکەرنادیار : پەیامەکەمان گەیەنرا – دەگەیەنرێ
- ڕانەبردوو : پەیامەکەمان دەگەیەنن.
- داخوازی : پەیامەکەمان بگەیەنە.

**( تێنە پەڕ ) ی** ( ڕۆشتن )

- ڕابردوو : هاوڕێکەمان ڕۆشت.
- ڕانەبردوو : هاوڕێکەمان دەڕوات.
- داخوازی : بڕۆن بۆ ماڵیان.

**( ناتەواو ) ی**

- ( بوو ) بۆ دەمی ڕابردوو : مامۆستاکەمان دڵسۆز بوو.
- ( ە ) بۆ دەمی ئێستا : منداڵەکەمان زیرەکە .
- ( دەبێت ) بۆ دەمی ئایندە : کچەکەمان دەبێت بە ئەندازیار.

**کۆمەڵەی**

| |
|---|
| م – ین |
| یت – ن |
| Ø – ن |

دە بنە دیارخەری ناو لەگەڵ کاری ( ڕابردووی تێپەڕ ) هەمیشە دەچنە کۆتایی کارەکە

نم/: پەیامەکە ( م – مان / ت – تان / ی – یان ) گەیاند ( م – ین / یت – ن / Ø – ن )

## چەند ڕوونکردنەوەیەکی زیاتر لەسەر ئەرکی جیناوە کەسییە لکاوەکان وەکو دیارخەری ناو:

ئەگەر جێناوێکی لکاو بوو بەدیارخەری ناوێك ، ئــەوا :
- ١- پێویستمان بە(ی)ئامرازی خستنەسەر نییە .
- ٢- مەرجە ناوە دیارخراوەکە گشتی بێت .
- ٣- هیچ وشەیەکی تر نابێت بەدیارخەری ناوەکە .

جێناوی لکاو بۆ( کەسی سێیەمی تاك )لەدەوری ( دیارخەری ناو ) دا دەرناکەوێت ،ئەگەر کاری ڕستەکە ( ڕابردووی تێپەڕ ) بێت و کۆمەڵەی دووەمی جێناوە لکاوەکانی (م–ین ،یت–ن ،Ø–ن) ی وەرگرتبێت .
نم/ نـــامـەکـەی گـەیـاند Ø.

هەردوو کۆمەڵەی جێناوە کەسییە لکاوەکانی

| | |
|---|---|
| م – مان | م – ین |
| ت – تان | یت – ن |
| ی – یان | Ø – ن |

و دە بنە ( دیارخەری ناو ) بەم شێوەیەی خوارەوە:

**کۆمەڵەی یەکەم** (م – مان ، ت – تان ، ی – یان) ئەرکی ( دیارخەری ناو ) دە بینن و هەمیشە دەچنە دوای ناوە دیارخراوە کە لەگەڵ هەموو جۆرەکانی کاری

- ( تێپەڕ ) ی ( سادە ، داڕێژراو ، لێکدراو ) بە( ڕابردوو،بکەرنادیار،ڕانەبردوو،داخوازی )
- ( تێنە پەڕ ) ی ( سادە ، داڕێژراو ، لێکدراو ) بە ( ڕابردوو ، ڕانەبردوو، داخوازی )
- ( ناتەواو ) بۆ دە می( ڕابردوو، ئێستا، ئایندە ) ( بـــوو ، ە ، دە بێت )

**کۆمەڵەی دووەم** (م – ین ، یت – ن ، Ø – ن) لەگەڵ کاری ( ڕابردووی تێپە ڕ ) ی ( سادە، داڕێژراو،لێکدراو ) ئەرکی ( دیارخەری ناو ) دە بینن و هەمیـشـە دەچنە کۆتـایی کارەکە لە هەردوو بـاری ( ئەرێ و نەرێ ) دا .

تێبینی/ زۆربەی کات ناوە دیارخراوەکە یەکێك لە تایبەت مەندییەکانی ناوی لەگەڵ دا دەردەکەوێت کە بریتین لە ( ەکە ، یەك ، ێك ، ە کان ، ن ).

ئەگەر ناوێك ديارخرا بە

( جێناوێكی لكاو ) ئەوا هیچ وشەیەكی تر نابێت بە دیارخەری ناوە كە چونكە دە بێتە هۆی تێكچوونی دارشتنی رستەكە و شێواندنی واتاكەی

١-مامۆستاكەم زیرە كە . مامۆستاكەم كیمیا زیرەكە. ( نادروستە ).

٢- پە نجەرەكەمان شكا . پە نجەرەكەمان ژورەكە شكا . ( نادروستە ).

٣-منداڵەكەتم هێنا. منداڵەكەتم خوشكی هێنا . ( نادروستە ).

( ناوێك يان چەند ناوێك ) ئەوا جێناوی لكاوی ديارخەر لە دوای هەموو ديارخراوەكانەوە دێت

١-مامۆستای كیمیای قوتابخانەكەم زیرەكە .

٢- پە نجەرەی ژووری میوانەكەمان شكا.

٣-منداڵی كچە پورەكەتم هێنا.

( هاوە ڵناوێك ) ئەوا ناوەكە و هاوەڵناوەكە دەخرێتە شێوەی ( ناوێكی لێكدراو ) ەوە و پاشان جێناوە كەسییە لكاوەكە دەبێت بە ديارخەری.

١- مامۆستا دلسۆزە كەم زیرە كە .

٢- پە نجەرە گەورەكەمان شكا.

٣- منداڵەجوانەكە تم هێنا.

ناوە ديارخراوەكە و جێناوە كەسیە ديارخەرەكە وەكو ( گرێیەكی ناوی ) دەتوانن ئەركەكانی ناو ببينن لە رستەدا بەم شێوەيە :

١ – نیهاد : ← قوتابخانەكەتان گەورەیە.

٢ – بكەر : ← پورم هات بۆ ماڵمان.

٣ – بەركار : ← دراوسێكەمانیان بانگ نەكرد.

٤ – تەواوكەری بەياريدەی كاری تەواو : ← دياريیەكانم بە كچەكەيان دا نارد.

٥ – تەواوكەری بەياريدەی كاری ناتەواو: ← كتێبەكە بە مامۆستاكەتانە.

٦ – تەواوكەری ڕاستەوخۆی كاری ناتەواو: ← ئەمە دایكمانە.

٧ – جێگری بكەر: ← پەیامەكەمان گەیەنرا.

## نمونەو ڕاهێنان:

بەوردی سەرنج لەم ڕستە و دەستەواژانە بدە وپاشان شوێن و ئەرکی جێناوە کەسییە لکاوەکان دەستنیشان بکە.

١-دیارییەکەم به هاورێکەت بەخشی .

٢-هاورێکانمان دڵسۆزن.

٣-منداڵەکەی هێناین . ـ منداڵەکەی بۆ هێناین.

٤-منداڵەکەی هێنا ∅.

٥-خانووەکەیان فرۆشت ـ خانووەکەیان ڕوخا.

٦-خێرا قسەکانتان بکەن.

٧-قەرزارتین/ قەرزارت بووین . ـ قەرزارتانین . ـ ئە وە برازامە. ـ خوشکەزا یني.

٨-ناسنامەکەیانم پێ بوو. ـ ناسنامەکە یانم دۆزییە وە.

٩- نامەکەیان نارد ∅.

١٠-لە ماڵی مامەم.

١١-چاك بی و خراپیت بڵێن چاکترە لەوەی خراپ بی و چاکت کەن گومان.

١٢-نامەکەی پێم گەیشت . ـ نامەکەیم پێ گەیشت.

١٣-قوتابییەکەمت فێر کرد. ـ قوتابییەکەمت بۆ دەنێرم.

١٤-چاوەڕێیان کردین.

١٥-هاوڕێ بە گوڕو مەشق پێ کراوەکەم وانەکەی تێ گەیاندین .

١٦- چاودێریان بووین.

١٧-پارەکە لە گیرفانیانندایە . ـ بەڕێوەبەری خوێندنگاکەمانیان بانگ هێشت کرد.

١٨-ئەمە کچی مامۆستاکە مانە. ـ خوێندکارە زیرەکەکانتانیان وە رگرت.

١٩-ئەمە بۆ بەندەکەمانە.

٢٠-ئازیز هەتا دایکت ماوە.....هەتا رووی وەر نەچەرخاوە......سەد جار ببە بە میوانی ..... پێشکەشی کە هەرچیت توانی.....

٢١-چاوەڕێمان کردن.

٢٢-وڵاتەکەیانمان ئاوەدان کردەوە.

٢٣-سەیارەکەم پێ بوو. (داگیرسا). ـ سەیارەکەیم پێ بوو.

٢٤-لەبیرتانیان بردینەوە ٠ (ئەوان ئێوە یان لە بیری ئێمە بردەوە٠)

### تێبینی/بۆ زیاتر دڵنیا بوون

(( جێناوە کەسییەلکاوەکان بکەرەوە بە جێناوی کەسی سەربەخۆ ، پاشان جێناوە کەسییەسەربەخۆکان چ ئەرکێکیان بینی لەڕستەکەدا ئەوا جێناوە لکاوەکانی کە بەرامبەر بەو جێناوە سەربەخۆیانە هاتوون هەمان ئەرك دەبینن ).

چەند ڕوونکردنەوەیەکی گشتی لەسەر ئەرکی جێناوە کەسییە لکاوەکان وەکو

- بکەر
- بەرکار
- تەواوکەری بەیاریدە
- دیارخەری ناو

**یەکەم:** هەر چوار کۆمەڵەی جێناوە کەسییە لکاوەکان دەتوانن ئەرکــــی ( بکەر ) ببینن ,

**بەلاّم** ،تەنها کۆمەڵەی

| |
|---|
| م – مان |
| ت – تان |
| ی – یان |

و

| |
|---|
| م – ین |
| یت – ن |
| Ø – ن |

دەتوانن ببنە

- بەرکار
- تەواوکەری بەیاریدە
- دیارخەری ناو

**لەگەڵ** جۆرو ڕێژە جیاوازەکانی کاردا بە ( ڕابردوو , ڕانەبردوو , داخوازی, بکەرنادیار,ناتەواو ).

**دووەم:** لەگەڵ کاری ( ڕابردووی تێپەڕ ) دا کۆمەڵەی

| |
|---|
| م – مان |
| ت – تان |
| ی – یان |

و

| |
|---|
| م – ین |
| یت – ن |
| Ø – ن |

دەتوانن هەر سێ ئەرکی

- بەرکار
- تەواوکەری بەیاریدە
- دیارخەری ناو

ببینن بەم شێوەیەی خوارەوە:

لەگەڵ کاری ( ڕابردووی تێپە ڕ ) دا

کۆمەڵەی

| |
|---|
| م – مان |
| ت – تان |
| ی – یان |

وەکو

١- بــەرکــار : دامانیان مەزراند.

٢- تەواوکەری بەیاریدە : پرسیارەکانی بۆمان چاپکرد.

٣-دیارخەری ناو : نامەکەمانتان گەیاند.

کۆمەڵەی

| |
|---|
| م – ین |
| یت – ن |
| Ø – ن |

وەکو

١- بــەرکــار : دایان مەزراندین.

٢- تەواوکەری بەیاریدە : پرسیارەکانی بۆ چاپکردین.

٣-دیارخەری ناو : نامەکەتان گەیاندین.

( ئەم کۆمەڵەیە هەمیشە دەچنە کۆتایی کارەکە ).

**سێیەم:** لەگەڵ کۆمەڵەی (م – ین / یت – ن / Ø – ن) دا جێناوی لکاو بۆ (کەسی سێیەمی تاك)

دەرناکەوێت لەگەڵ کاری

(ڕابردووی تێنە پەڕ) دا وەکو

(ڕابردووی تێپەڕ) دا وەکو

١-بکەر: هات Ø.

٢ -بەرکار: دایان مەزراند Ø.

٣-تەواوکەری بەیاریدە: پرسیارەکانیان بۆ چاپکرد Ø.

٤-دیاری خەری ناو: نامەکەیان گەیاند Ø.

بەوردی سەرنج لەم دوو ڕستەیەی خوارە وە بدە و بزانە کام لەوانە ئەرکی جێناوە کەسییە لکاوەکانیان گۆڕاوە دوای لابردنی بەرکاری ڕستەکە, پاشان ئەرکی هەریەکەیان دیاری بکە :

ـ نامەکەمان گەیاندیت . ✕ گەیاندمانیت .

ـ نامەکەمان پێ گەیاندیت . ✕ پێمان گەیاندیت .

بەوردی سەرنج لەم دوو دەستەواژەیەی خوارەوە بدە هەر چوار ئەرکی جێناوە کەسییە لکاوەکانی تێدا هاتووە لە هەردوو کۆمەڵەی یەکەم و دووەم (تۆش هەوڵ بدە ئەرکەکان بناسیتەوە)

ـ دوای ئەوەی کە نانمان خوارد, خوشکەکەمان هات و بردمانی بۆ ژوورەکەی خۆی، پاشان وانەکەی پێمان خوێندەوە.

ـ کە لە زانکۆ دەرچووین بڕوانامەکەیان پەسەند کردین و کردینیان بە مامۆستا، پاشان بەرپرسیاریەتییان پێ سپاردین.

## نمونەو ڕاهێنان:

**بەوردی سەرنج بدە لەم ڕستانەی خوارەوە و دواتر شوێن و ئەرکی جێناوە کەسییە لکاوەکان دەستنیشان بکە**

١-کارەکەتانم پێ سپارد∅.

٢- دەیان پارێزین بۆتان.

٣-مناڵەکە یانمان بۆ بهێنە .

٤- پەرتوکەکەمت بۆ دەنێرێت.

٥-بۆماڵێ مامەمیان بردیت.

٦-چیرۆکەکەتانمان بۆ دەخوێنێتە وە.

٧-ڕاتانیان هێنا بۆمان.

٨-فەرشەکەتم پێ فروشت ∅.

٩-پەیامەکەتانیان پێمان گەیاند.

١٠ -خانوەکەتی بۆ خاوێن کردینە وە.

١١ -دەتانێرین بۆ یان.

١٢-گە نمەکەمانت بۆ دە چێنێت.

١٣-نهێنییەکەمانیان پێ مەڵێ.

١٤-دیارییەکەم بە هاوڕێکەت بەخشی.

١٥-وێنەکەیانت پێ دەدەم

١٦-ناسنامەکەیانم پێ دا ناردیت.

١٧-خانوەکەیان پێ فرۆشتین.

١٨-خانووەکەیانتان پێ دەفرۆشین. خانووەکەیانتان پێ دە فرۆشتین.

١٩- ڕامان بهێنە.

٢٠-دە ستنیشانیان کرد.

٢١- سەرمانیان خست.

٢٢- سەریان لێ شێواندین.

### تێبینی/بۆ زیاتر دڵنیا بوون

(( جێناوە کەسییەلکاوەکان بکەرەوە بە جێناوی کەسی سەربەخۆ ، پاشان جێناوە کەسییەسەربەخۆکان چ ئەرکێکیان بینی لەڕستەکەدا ئەوا جێناوە لکاوەکانی کە بەرامبەر بەو جێناوە سەربەخۆیانە هاتوون هەمان ئەرك دەبینن ).

شنه عزيز حمه رحيم

# هاوەڵناو لە ڕووی بنچینەی وشەکانیەوە ( ڕۆنان ) ە وە

هاوەڵناو لەڕووی چۆنیەتی دروستبوونی وشەکانیەوە، دوو جۆرە
- آ ) هاوڵناوی سادە )
- ب ) هاوەڵناوی ناسادە)
  - داڕێژراو
  - لێکدراو

**(هاوەڵناوی سادە)** ← جوان - پاک - گەورە - بەرز- زەرد - تاڵ ....

**(هاوەڵناوی داڕێژڕاو)**

- ناو
  - نـاو+پاشگر : ژنانە - زێڕین-مەلەوان- بریندار- گۆشتن -ڕاوچی
  - پێشگر+نـاو : بەتام- بەجەرگ- ب جەرگ- بێ شەرم- بێ هێز
- هاوەڵناو
  - هاوەڵناوی سادە+پاشگر : یەکەم- ڕووناک- نەرمان- ڕەقەن .....
  - پێشگر+هاوەڵنای سادە : نەخۆش- ناخۆش- ناپاک- ناڕاست ....
- قەد
  - قەدی چاوگی تێنەپەڕ+پاشگری(وو- و- ە) :خەوتوو- شکاو- کەوتە ....
  - قەدی چاوگی تێپەڕ+پاشگری(ە) :کردە- بردە _کوشتە.....
  - قەدی چاوگی تێنەپەڕ+پاشگری(ی) :سۆتی- مردی...(لەکرمانجی ژووروودا)
- ڕەگ
  - ڕەگی کار+پاشگر : فرۆشیار- نووسەر- گەڕۆک- گەڕیدە- ترسنۆک
  - پێشگر+ڕەگی کار : نەگۆڕ- نەمر- نەبەز- بکوژ- لێ زان ....
  - پێشگر+ڕەگی کار+پاشگر : نابینا- نەزۆک - بخۆر ....

**(هاوەڵناوی لێکدراو)**

- ناو+ناو : چاوباز – بەژن چنار
- ناو + ئامراز+ ناو : دەست بەسەر – گوڵ بەدەم
- دووبارەکردنەوەی ناو : ڕێ ڕێ – پارچە پارچە
- ناو+ ڕەگی کار : خێر خواز – پیاو کوژ
- ناو+ ڕەگی کار+پاشگر : خەباتکەر – جل شۆر
- ناو+ هاوەڵناو : دڵخۆش – چاوشین
- ناو+ هاوەڵناوی کراو: دڵسوتاو – جەرگبڕاو

- هاوەڵناو + هاوەڵناو : ڕەش ئەسمەر – تازە پێگەیشتوو
- هاوەڵناو+ ئامراز+هاوەڵناو: بۆرە دەوڵەمەند – پاک وخاوێن
- دووبارەکردنەوەی هاوەڵناو : خۆش خۆش – جوان جوان
- هاوەڵناوی ژمارە+ ناو : دووڵ – حەوت ڕەنگ
- هاوەڵناو+ ئامراز+ ناو : شـــۆڕەژن – گێلە پیاو
- هاوەڵناو+ ڕەگی کار : ڕاست بێژ – ڕەشبین

- هاوەڵکار+ ناو : ژێردەست – ژێرچە پۆک



هەڵە بجەی شەهید

شنه عزيز حمه رحيم

# هاوەڵكار لەڕووی پێكهاتنیانەوە ( ڕۆنان ) ە وە

هاوەڵكار لە ڕووی چۆنیەتی دروستبوونی وشەكانیەوە دوو جۆرە

- آ ( هاوە ڵكاری سادە )
- ب (هاوە ڵكاری ناسادە)
  - داڕێژراو
  - لێكدراو

## ( هاوەڵكاری سادە )

← خێرا - زۆر - باش - گورج ، ...

## ( هاوەڵكاری داڕێژراو )

**ناو**

- نـاو + پاشگری ( انە ,ی ) : ← ڕۆژانە – شێرانە – شەوێ – ڕۆژێ,....
- پێشگری ( بە ) + نـاو : ← بەناز – بەدڵ – بەشەو – بەساڵ,....
- پێشگر + نـاو + پاشگر : ← بەسواری – بێ شەرمـانە – بەكوردایەتی,..

**هاوەڵناو**

- هاوەڵناو + پاشگری ( انە ) : ← مەردانە – هێمنـانە – ژیرانە,......
- پێشگری ( بە ) + هاوەڵناو : ← بە پەلە – بەتەنیا,.....
- پێشگر+هاوەڵناو + پاشگر : ← بەجوانـی – بەباشـی – بەساردی,....

**هاوەڵكار**

- پێشگر + هاوەڵكار : ← بەزۆر – لەدوور – لەتەنیشت – لەنزیك,...

## ( هاوەڵكاری لێكدراو )

- ناو + ئامرازی ( بە ) + نـاو : ← ڕووبەڕوو – ماڵ بە ماڵ – شاربەشار , ...
- ناو + ئامرازی ( او ) +نـاو : ← سەراوسەر – دەمـاودەم – دۆڵـاودۆڵ ,....
- دووبارەكردنەوەی ناو : ← نم نم – دەستە دەستە – پۆل پۆل ,....

- هاوەڵناو + ئامرازی( و ) + هاوەڵناو : ← تێروپر – پاك و خاوێن – كز و مات,...
- دوبارەكردنەوەی هاوەڵناوی چۆنیەتی : ← جوان جوان – هێدی هێدی – ورد ورد,..
- دوبارەكردنەوەی هاوەڵناوی ژمارە : ← یەك یەك – چوار چوار – دوو دوو,..
- هاوەڵناو+ئامرازی( بە ) + ناو : ← پڕبەدڵ – پڕبەدەم – پڕبەدەنگ,...
- هاوەڵناوی نیشانە + ناو : ← ئەمشەو – ئەمڕۆ – ئەوسا,....

- هاوەڵكار+هاوەڵناوی ژمارە + ناو : ← پاش نیوەڕۆ – دوای نیوەشەو – پێش دوو ڕۆژ

هەڵە بچەی شەهید

# ڕادە

ئەو پەیڤانەی ڕادە پیشان دەدەن بریتین لە:

زۆر - هەندێک
گەلێک - کەمێک
تۆزێک - بڕێک

جا ئەگەر هەریەکە لەو پەیڤانە
(ڕادەی هاوەڵناوی)یان دەرخست پێیان دەوترێت (هاوەڵناوی نادیار)
(ڕادەی هاوەڵکاری)یان دەرخست پێیان دەوترێت (هاوەڵکاری چەندێتی)

## ڕادەی هاوەڵناو: دەردەخرێت بەم شێوەیە؛

أ- هاوەڵناوی دیارخەر پێش هاوەلناوی دیارخراو دەکەوێت.

ب- ئامرازی خستنەسەری(ی)ناچێتە نێوانیانەوە.

ج- هاوەڵناوی دیارخەرو دیارخراو پێکەوە(گرێیەکی هاوەڵناوی) پێکدەهێنن وگرێکەش یان دەبێتە
- دیارخەری ناو
- تەواوکەری کاری ناتەواو

## ڕادەی هاوەڵکار: دەردەخرێت بەم شێوەیە؛

آ- هاوەڵکاری دیارخەر پێش هاوەڵکاری دیارخراو دەکەوێت

ب- ئامرازی خستنەسەری(ی)ناچێتە نێوانیانەوە

ج- هەردوو هاوەڵکاری دیارخەرو دیارخراو پێکەوە پێکدەهێنن و
- گرێیەکی هاوەڵکاری چۆنیەتی
- گرێیەکی هاوەڵکاری کاتی
- گرێیەکی هاوەڵکاری شوێنی

دەبنە تەواوکەری کاری ڕستەکە.

نمونەی ڕستە بۆ

ڕادەی هاوەڵناوی
- پەرتوکێکی کۆنم کڕی ← پەرتوکێکتی زۆرکۆنم کڕی.
- پەرتوکەکە کۆنە. ← پەرتوکە کە زۆر کۆنە.

ڕادەی هاوەڵکاری
- فاکسەکەم بە پەلە نارد. ← فاکسەکەم زۆربەپەلە نارد.
- قوتابییەکە درەنگ هات. ← قوتابیەکەهەندێك درەنگ هات.
- پیاوەکە دوور ڕۆشت. ← پیاوەکە زۆر دوور ڕۆشت.

- هەمیشە ئەرکی ئەو پەیڤەی کە (ڕادە)کە پیشان دەدات بریتییەلە (دیارخەر)
- هەمیشە ئەرکی هاوەڵناو یان ئەوهاوەڵکارەی کە لە دوای ڕادەکەوە دێت بریتییە لە (دیارخراو)

شنە عزيز حمە رحيم

# چەند ڕوونکردنەوەیەکی گشتی لەسەر هەرسێ بابەتی ( هاوەڵناو – هاوەڵکار – ڕادە )

هاوەڵناو / وشەیەکە وەسفی ناوێك یان جێناوێك دەکات لەڕستەدا .

( هاوە ڵـناو ) لە ڕستەدا دەتوانێت ببێتە
- دیارخەری ناو : مامۆستای دڵسۆز خوشەویستە .
- تەواوکەری کاری ناتەواو :مامۆستاکە دڵسۆزە .
- دیارخەری هاوەڵناوێکی تر : مامۆستاکە زۆر دڵسۆزە . پێکەوە دەبنە( گرێی هاوەڵناوی )

( گرێی هاوەڵناوی ) ش لەڕستەدا دەتوانێت ببێتە .
- دیـــــارخەری نـاو : پەرتوکێکی زۆرباش دەکرم .
- تەواوکەری کاری ناتەواو : پەرتوکەکە زۆرباشە / بوو / دەبێت .

تێبینی/لە وشەی ( گەرۆك،گەڕیدە ) دا ناکرێ پیتە بزوێنی ( ێ ) و ( ۆ ) لە( ۆك ) و( ێ ) و ( ی ) لە ( یدە ) بەیەکەوە بێن،بۆیێ شوێنی خۆی بەردەدا بۆ ( ۆ ) و ( ی )

لە کرما نجی ژووروودا پاشگری ( ی ) دەخرێتە سەر قەدی چاوگ وهاوەڵناوی دارێژراوی لێ دروست دەبێت.
نم/کەفتی- شکەستی-سۆتی– شویشتی - دلی سۆتی ب ئاڤ ترشکا ناکەویت .
- مرۆڤێ مری ،زیندی ب ئا ڤێ پاقژ دبن.

جۆرەکانی هاوەڵناو
- هوەڵـنـاوی ژمـارەی ( بنجی ، ڕێکخستن، کـەرتی ) نم / ( یەك ـ یەکەم ـ یەك لەسەردوو... )
- هاوەڵناوی چۆنیەتی( ڕواڵەت، قەبارە، ڕەنگ، چێژ)نم / ( جوان ـ بەرز ـ سپی ـ خۆش... )
- هـاوەڵـنـاوی نیشانە( ئەم،ئەو.......ە/انە ) نم / ( ئەم کچە/انە ـ ئەو کورە/ انە )
- هـاوەڵـنـاوی پـرس نم / ( کام/ە ـ چەند ـ چۆن ـ چ )
- هـاوەڵـنـاوی نادیار نم / ( تر ـ دیکە ـ فلاَن )

پلەکانی هاوەڵناو
- هاوەڵناوی پلە چەسپاو نم / ( جوان ـ بەرز ـ سپی ـ خۆش ... )
- هاوەڵناوی پلەبەراورد نم / ( جوانتر ـ بەرز تر ـ سپیتر ـ خۆشتر... )
- هـاوەڵناوی پـلـەبالا نم / ( جوانترین ـ بەرزترین ـ سپیترین ـ خۆشترین ... )

جۆرەکانی هاوەڵناو لەڕووی دارشتن
- سادە نم/ خۆش...
- دارێژراو نم/ ناخۆش...
- لێکدراو نم/ دڵخۆش....

هاوەڵکار / وشەیەکە وەسفی کارەکە دەکات و سنورێك بۆ ڕوودانی کاری ڕستەکە لەڕووی ( کات و شوێن و چۆنیەتی و چەندێتی ) یەوە دیار دەخات و وەلامی پرسیاری ( کەی – لەکوێ – چۆن – چەند )ی لایەنێکی ڕوودانی کارەکە دەداتەوە.

هاوەڵکار/ وشەیەکە ڕوویەکی ڕوودانی کاری ڕستەکە دەربارەی ( کاتی یان شوێنی یان چۆنیەتی یان چەندێتی ) دەردەخات و لەم ڕووەوە سنورێك بۆ تەواوکردنی واتاکەی دا دەنێت.

هاوەڵکار لەڕستەدا دەتوانێت ببێتە:
- تەواوکەری کار
- دیارخەری هاوەڵکارێکی تر و پێکەوە گرێیەکی هاوەڵکاری ( چۆنیەتی, کاتی, شوێنی ) پێکدەهێنن

جۆرەکانی هاوەڵکار لەڕووی واتاوە بریتین لە:
- هاوەڵکاری کـــاتی : بەیانی – سبەینێ – ساڵی پار – ڕۆژی شەممە
- هاوەڵکاری شوێنـــی : لەسەربان – لەژوورەوە – لەنـــاو – لەژێر
- هاوەڵکاری چۆنیەتی : بە پەلە – بەتوڕەیی – بە پێی پەتی – بەگەرمی
- هاوەڵکاری چەندێتی : پیچەی – هەندێك – زۆر – کەم
- هاوەڵکاری ڕێکخستن : چوارچوار – بەش بەش – ڕیز ڕیز – پۆل پۆل

تێبینی/ هەندێك لەو هاوەڵکارانەی سەرەوە ( گرێی هاوەڵکار ) ین

بەوردی سەرنج لەم دوو ڕستەیەی خوارەوە بدە و جیاوازی نێوان هێڵ بە ژێردا هاتووەکان ببینە :

| مامۆستای دلسۆز خۆشە ویستە. | مامۆستا زۆر دلسۆزەکە خۆشەویستە. |
| --- | --- |
| ١-هاوە ناوێك بووە بە دیارخەری ناوێك و پێکەوە ( گرێیەکی ناوی ) یان پێك هێناوە.<br>٢-( گرێ ناوی )یەکە دە توانێت تاییە تمەندییەکانی ناو وەربگرێت ( ناسراوی. نەناسراوی. تاك. کۆ )<br>٣- ( گرێی ناوی ) دەتوانێت هەموو ئەرکەکانی ناو ببینێت.<br>٤- ڕادە پیشان نادات. | ١-هاوە ناوێك بووە بە دیارخەری هاوە ناوێکی تر و پێکەوە ( گرێیەکی هاوە ناوی ) یان پێك هێناوە.<br>٢-گرێی هاوەناوی ناتوانێت تاییە تمەند ییەکانی ناو وە ربگرێت.<br>٣- گرێی هاوەناوی دەتوانێت تەنها ئەرکی دیارخەری ناو و تەواوکەری کاری ناتەواو ببینێت.<br>نم/مامۆستا زۆر دڵسۆزەکە هات.<br>نم/مامۆستاکە زۆر دلسۆزە.<br>٤-ڕادە پیشان دەدات. |

## نمونەو ڕاهێنان:

**وشە هاوشێوەکانی ئەم ڕستانەی خوارەوە ناو لێ بنێ و دواتر ئەرك و جیاوازی نێوانیان دەستنیشانبکە.**

١-ئەمڕۆ دەچم بۆ زانکۆ . ـ ئەمڕۆ پێنج شەممەیە.

٢.کتێبەکانم چاککرد . ـ زمانی چاك کار دەکات .

٣.منداڵێکی زۆرجوان هات . ـ منداڵەکە زۆرجوان هات .

٤-چاکەت بخۆ با ساردنە بێتەوە. ـ چاکەت لەبەرکە با سەرمات نەبێت .

٥-هۆنراوەی چاکی لەبەرکرد. ـ هۆنراوەکەی چاك لەبەرکرد.

٦-خواردنەکە پێگە یشتووە . ـ هەواڵەکەمی پێ گەیشتووە.

٧-سارا دەرگاکەی کردەوە . ـ بە کردەوە بوونی خۆت بسەلمێنە ـ کردەوەی باش ئە نجام بدە.

٨-مامۆستای باش سەرکەوتووە . ـ منداڵە سەرکەوتووە بۆ سەر شاخەکە.

٩-بەڕێز بەڕێزەوە پێشوازی لەمیوانە بەڕێزەکان کرد.

١٠-شەرمن کچێکی شەرمنە .

١١-جوان هۆنراوە جوانەکەی جوان لەبەرکرد .

١٢-سەرکەوت بەسەرکەوتووی بەسەر سەرکەوتواندا سەرکەوت.

١٣-مامۆستاکە چاکە . ـ کەچاکە ئەکەی مە یلێ لەلای کەس بۆ زەوقی خۆت بێ و خوا بیزانێ و بەس

## نمونەو ڕاهێنان:

**سەرنج لەم ڕستانەی خوارەوە بدە پاشان ( ڕادەی هاوەڵناوی ) و ( ڕادەی هاوەڵکاری ) دیاربخە.**

١-نمرەی زۆرباشم وەرگرت.

٢-خانی لەپ زێرین قەلایەکی گەلێك سەختی دروستکرد.

٣-خانووەکەیان زۆر خۆشە.

٤-مێژووی قەلای دمدم زۆر کۆنە.

٥-دارشتنێکی زۆر باشم زۆر باش نووسییەوە.

٦-جوان هۆنراوە زۆرجوانەکەی زۆرجوان لەبەرکرد.

٧- پێشمەرگەکان سنووری ولاتیان گەلێك باش پاراستووە.

٨-نامیلکە زۆرباشەکەم زۆر باش خوێندەوە

٩-منداڵێکی زۆربچوکیان زۆر بە پەلە برد بۆ نەخۆشخانە.

١٠-مامۆستای زۆرباش، زۆر بەسودە بۆ کۆمەڵگا.

## دیارخەرەکـــــانی ناو

- یەکەم: ئەرکی نـــــــاو لەڕستــەدا وەکو دیارخەری ناو
- دووەم: ئەرکی هـــاوەڵـنــاو لەڕستـەدا وەکو دیارخەری ناو
- سێیەم: ئەرکی جێناوی کەسی سەربـەخۆ لەڕستەدا وەکو دیارخەری ناو
- چوارەم: ئەرکی جێنـاوی کـەسی لـــکـاو لەڕستـەدا وەکو دیار خەری ناو

## یاسایەکی گشتـــــــی لەسەر دیارخراو و دیارخەر:.

| | | |
|---|---|---|
| د یارخـــــراو | + ئامرازی خستنەسەر ( ئامرازی دانە پاڵ ) + | د یارخـــــەر |
| نـــــاو | + ( ە – ی ) , ( ا - یٚ - یٚد - یٚت - یٚن ) + | نـــــاو / هـــاوەڵـنـــاو / جێناوی سەربەخۆ / جێنـــاوی لکـاو |

تێبینی١ / هەندێك جار دیارخەر پێش دیارخراو دەکەوێت بەتایبەت لە ئەرکی هاوەڵناو لە ڕستەدا وەکو دیارخەری ناو

تێبینی٢ / ( هەمیشە گرێ بەناوی دیارخراوە کەیەوە ناو دەنرێت . )

شنه عزيز حمه رحيم

# یەکەم:ئەرکی ناو لە ڕستەدا وەکو دیارخەری ناو

ئەگەر ناوێکی (دیارخراو)دیارخەرێک یان چەند دیارخەرێک بدرێتە پاڵی ئەوا:
١- ناوی(دیارخراو) پێش ناوی (دیارخەر) دەکەوێت .
٢-(ی)ئامرازی خستنەسەر دەکەوێتە نێوانیان .
٣-دەتوانین ناوە (دیارخراوەکە) یان (دیارخەرەکە) یان هەردووکیان بەپێی شوێن و مەبەست، بەمەرجێک لەگەڵ ڕاستیدا بگونجێت لە شێوەی (تاک ، کۆ ، ناسراو ، نەناسراو) دا لەناو ڕستەدا بەکاریان بهێنین
نم/ دڵی پیاوەکە نەخۆشە . ـ دڵەکانی پیاوەکە نەخۆشە٠ (نادروستە)

ناوی(دیارخراو) دەتوانێت چەند ناوێکی (دیارخەر)ی یەک لەدوای یەک وەربگرێت :
نم/ یاساکانی پەرلەمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆرن.
دەتوانین ناوە(دیارخراوەکە)یان (دیارخەرەکە)ی بەهاوەڵناوی نیشانە دەستنیشان بکەین وپێی دەوترێت (ناوی دەستنیشان کراو).
نم/ ئەم دەفتەرەی ئاسۆ جوانە .
خانووەکانی ئەم شارە جوانـن .

ناوی (دیارخراو) و ناوی (دیارخەر) پێکەوە وەکو (گرێیەکی ناوی) هەموو ئەرکەکانی ناو دەبینن لە ڕستەدا .

١- نیهاد ← ئاوی کانی پاکە .
٢- بکەر ← باوکی سارا هات .
٣- بەرکار ← تابلۆکانی ژوورەکەم هەڵواسیوە.
٤- تەواوکەری بەیاریدەی کاری تەواو ← هێمن نەمامەکانی لە باخچەی خوێندنگەکەدا ڕواند .
٥- تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواو ← دیارییەکانم بۆ فەرمانبەرانی ژوورەکە یە .
٦- تەواوکەری ڕاستەوخۆی کاری ناتەواو ← مەم و زین داستانێکی فۆلکلۆری بوو .
٧- جێگری بکەر ← دێهاتەکانی کوردستان ئاوەدانکرانەوە.

ئامرازی خستنەسەر یان(دانەپاڵ) لە:
- کرمانجی خواروو:
  - (ە) ← ــــــــــ
  - (ی) ← دەرگای ژوورەکەم کردە وە.
- کرمانجی ژووروو:
  - ( ا ) بۆ (تاکی مێ) ← خوشکاشیرینێ دەرس دنقیسە .
  - ( ێ )بۆ (تاکی نێر) ← مەلایێ جزیری هۆزانڤانەکێ کورد بوو.
  - ( ێد،ێت،ێن) بۆ (کۆی نێرومێ) ← شارێدکوردستانێ خۆشن .

هەڵە بجەی شەهید

شنه عزيز حمه رحيم

# ڕوونكردنەوەيەكی گشتی لەسەر نــاو

**نـــا و** / وشەيەكە بۆ ناولێنانی كەسێك يان شتێك يان شوێنێك يان گياندارێك يان بێگيانێك بەكاردەهێنين و هەموو ئەو ناوانەشی كەبونێكی بەرجەستەيان نييە لەڕێگەی بيرو ئەندێشەوە هەستيان پێ دەكەين .

**ناسينەوە و جۆرەكانی ناو لەڕووی:**

- **دارشتن**
  - ســادە: كورد - داس - ئاسن - گوڵ ...
  - دارێژراو: كوردستان - داسولكە - ئاسنگەر - گوڵدان ...
  - لێكدراو: كورد زمان - تەورداس - سەرئاسن - گوڵ بەدەم ...
- **ناوەڕۆك**
  - تايبەتی: سارا - دهۆك - كورد - ديجلە - كەركوك ...
  - گشتـی: كچ - ڕووبار - كەو - خانوو - مامۆستا ...
  - كۆمـەڵ: لەشكر-گەل - پۆل - هۆز - مێ گەل...
- **هەبوون**
  - بەرجەستە: دەرگا - گوڵ - شير - پێنوس - ماست ...
  - واتـايی: خەم - هێز - ترس - وزە - باوەر ...
- **ڕەگەز**
  - نێـــر: پياو - مام - شێركۆ - خزمەتكار - گاوان...
  - مـــێ: دايك - هێرۆ - نانكەر - مامان - مالۆس...
  - دوولايـەن: مرۆڤ - شاگرد - قوتابی - باخەوان - ئاودێر...
  - بێ لايـەن: بەرد - چيا - دەرگا - ديوار - كورسی...
- **ناساندن**
  - ناسـراو: بەڕووەكە - كەسەكە - ماسی يەكە - هەنارەكە...
  - نەناسراو: بەڕووێك - كەسێك - ماسيێك - هەنارێك...
- **ژمارە**
  - تـــاك: كچ - چەقۆ - منداڵ - دايك - گوڵ...
  - كـــۆ: كچان - چەقۆيان - منداڵان - دايكان - گوڵان...

**تايبەت مەندييەكانی ناو بريتين لە:**

- ناسـراوی ( ەكە - كە - ە )
- نەناسراوی ( ێك - ەك - ێ )
- تاك - كۆ ( ان )

**هەموو ناوێكی گشتی بەبێ هيچ نيشانەيەك ناوێكی نەناسراوە**

## نمونەو ڕاهێنان:

**بەوردی سەرنج لەم ڕستانەی خوارەوە بدەو جۆر و تایبە تمەندی ناوە دیارخراو و دیارخەرەکان دیاربخە**

١-مەم وزین داستانێکی فۆلکلۆری بوو.

٢-قوتابییەکانی ئەم پۆلە زیرەکن.

٣-وێنەی پێشانگاکەم بینی.

٤-خەمی ئێوە دەخۆین.

٥-ئەندازیارانی شارەکە دڵسۆزن.

٦-کچەکەی شیرینی خوشکم بە یەکەم دەرچوو.

٧- پەرتووکێکی ئەم هاوڕێیەم خواستووە.

٨-ئێمەی کوردزمان نیشتیمانەکەمان خۆش دەوێت.

٩-کچانی پێشانگاکە بەجوانی خۆیان ئامادەکرد.

١٠-بەردی چیاکان فرە شێوەن.

# دووەم: ئەركی هاوەڵناو لە ڕستەدا وەكو دیارخەری ناو

## هاوەڵناو دەبێتە دیارخەری ناو بەم شێوانەی خوارەوە:

**یەكەم: هاوەڵناوی چۆنیەتی ( سادە، دارێژراو، لێكدراو ) دەتوانێت ببێتە دیارخەری ناو بە پێی چەند مەرجێك:**

١-ئەگەر ناوە دیارخراوەكە ناوێكی ( تاكی نەناسراو ) یان ( ناوێكی گشتی ) بێت، ناوە دیارخراوەكە پێش هاوەڵناوی دیارخەر دەكەوێت و ئامرازی خستنە سەری ( ی ) دەچێتە نێوانیانەوە.

نم/ خوێندكارێكی زیرەكم بۆ پێشبڕكێكە نارد.

زێـــــڕی پـاك ژەنگ هەڵنـــاهێنێت.

٢ - ئەگەر ناوەدیارخراوەكە ناوێكی ( تاكی ناسراو ) یان ( كۆی ناسراو ) بێت،ناوە دیارخراوەكە پێش هاوەڵناوی دیارخەر دەكەوێت و هەردووكیان دەخرێنە سەر شێوەی ( ناوێكی لێكدراو )ەوە و نیشانەی تاك یان كۆی ناسراو دەخرێتە دوای هاوەڵناوەكەوە.

یەكێك لەم دەستورانەی خوارەوە بەكاردێت بۆ لێكدانی ناوەكە و هاوەڵناوەكە

أ– ئەگەر ناوە دیارخراوەكە بە پیتی ( نەبزوێن ) كۆتایی هاتبوو ئامرازی خستنە سەری ( ە ) دەچێتە نێوانیانەوە.

نم/ ئەندازیارە بەتواناكە نەخشەی تەلارەكەی كێشـــا.

درەختـــە بەرزەكان سیمای جوان بە ژینگە دەبەخشن.

ب– ئەگەر ناوە دیارخراوەكە بە پیتی بزوێنی ( ە ، ۆ ، ێ ، ا ) كۆتایی هاتبێت و

**لە برگەیەك زیاتر بێت**

ئامرازی خستنە سەری ( ە ) لادەبەین.

١– ە : ئەستێرە گەشەكە دەركەوت.

٢ –ۆ: گەزۆ نایابەكان فرۆشران.

٣–ێ: بەهێ گەییوەكانم لێ كردەوە.

٤– ا : خوێندنگا سەركەوتووەكە خەلات كرا

**لە برگەیەك پێك هاتبێت**

ئامرازی خستنەسەری ( ە ) لا دەبەین

١– شە بچوكەكە بكرە .

٢ – دۆ ترشەكەی ڕۆ كرد

٣ – دێ خۆشەكەیان بینی.

٤ – با بەهێزەكە هەڵی كرد.

یان

ئامرازی خستنەسەر دادەنێین

١– شەیە بچوكەكە بكرە.

٢ – دۆیە ترشەكەی ڕۆكرد.

٣ – دێیە خۆشەكەیان بینی.

٤ – بایە بەهێزەكە هەڵی كرد.

ج– ئەگەر ناوەدیارخراوەكە بە پیتی بزوێنی ( ی، وو ) كۆتایی هاتبێت، پێویستە پیتی نەبزوێن،كە بگونجێت لەگەڵیاندا بخەینە نێوانیانەوە بۆ یەكەمیان ( ی )، بۆ دووەمیان ( و ) دادەنێین.

نم/ ١ – ی : لەكانییـــە ڕوونەكان ئاوم خواردەوە.

٢ – وو: شاتـــووە سوورەكەم دا بە منداڵەكە

شە: ( شانە )

سە: ( سەگ )

**دووەم : ئەو هاوەڵناوانەی** کە دەبنە ( **دیارخەری ناو** ) و **پێش** ناوە دیارخراوەکە دەکەون و پێویستیان بە ( **ی** )

**ئامرازی خستنەسەرنییە ئەمانەن :**

١– هاوەڵناوی پرس ( کام – چ ) : ←——— **کـام یاریزان** ئامادە نەبوو؟

٢–هاوەڵناوی نادیار ( هەموو – زۆر .. ) : ←——— **هەمـوو مرۆڤێك** بە کردار هەڵبسەنگێنە

٣– هاوەڵناوی پلەی باڵا ( گەورەترین – جوانترین ) : ←——— **جوانترین دیاریی** پێشکەش کردم .

٤– هاوەڵناوی نیشانە ( ئەم ە... – ئەو ... ە ) : ←——— **ئــەم زانکۆیە** پێشکەوتووە.

٥ – هاوەڵناوی ژمارە ( چوار – دووەم ... ) : ←——— **چـــوار گۆڤارم** کڕی.

**بەڵام** هاوەڵناوی ژمارەی کەرتی پێش ناوە دیار خراوە کە دەکەوێت و پێویستیشی بە( **ی** )ئامرازی خستنەسەر هە یە .

**نم/** ٦– هاوەڵناوی ژمارەی کەرتی : ←——— **چواریەکـی مەڕەکانم** فرۆشت.

**سێیەم : ئەو هاوەڵناوانەی** کە دەبنە ( **دیارخەری ناو** ) و **دوای** ناوە دیارخراوەکە دەکەون و پێویستیان بە( **ی** )

**ئامرازی خستنە سەر هەیە ئەمانەن :**

١– هاوەڵناوی پرس ( چۆن ) : ←——— **گوڵـــی چۆنت** دەوێـت.

٢– هاوەڵناوی نادیار ( تر – دیکە ) : ←——— **فەرهەنگێکی تـــر** بەکاردەهێنم.

٣– هاوەڵناوی پلە بەراورد ( گەورەتر – جواتر ) : ←——— **دیاریــیەکی جوانتری** پێشکەش کردم.

٤ –هاوەڵناوی ژمارەی ڕێکخستن ( چوارەمین – یەکەمین ) : ←——— **ڕۆمــانــی چوارەمینم** نوسی.

( **ناوی دیارخراو** ) و ( **هاوەڵناوی دیارخەر** ) وەکو ( **گرێیەکی ناوی** ) دەتوانن ئەرکەکانی ناو بینن لە ڕستەدا

١– نیهاد : ←——— **قوتابی زیرەك** خۆشەویستە.

٢– بکەر : ←——— **ئەستێرە گەشەکە** دەرکەوت.

٣– بەرکار : ←——— **چواریەکی وێنەکەم** ڕەنگ کرد.

٤– تەواوکەری بەیاریدەی کاری تەواو: ←——— لە **کانییە ڕوونەکە** ئاوم خواردەوە.

٥– تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواو: ←——— حەزم لە **گەزۆنایابەکە** یە .

٦ – تەواوکەری ڕاستەوخۆی کاری ناتەواو : ←——— ئەمە **یاریزانە بە توانا کە**یە.

٧– جێگری بکەر : ←——— **ئەم زانکۆیە** پار دروست کرا.

دەشێ چەند هاوەڵناوێکی چۆنیەتی یەك لە دوای یەك ببنە دیارخەری ناوێك.

**نم/ ئەندازیـــارە چاکە بەتوانا دڵسۆزەکە**م بینی.

**ئەندازیارێکی چاکی بەتوانای دڵسۆز**م بـینی.

دەشێ دیارخراو جێناوی کەسی سەربەخۆ بێت.

**نم/ ئێمـەی زیرەك** سەردەکەوین.

# سێیەم:ئەرکی جێناوی کەسی سەربەخۆ لەڕستەدا وەکو دیارخەری ناو

جێناوی کەسی سەربەخۆ: ← خەڵاتەکەی من بەنرخ بوو .
(مـن،ئێمە،تۆ،
ئێوە،ئەو،ئەوان)

جێناوی خۆیی : ← خانووەکەی خۆتم پێ بفرۆشە.
(خۆم،خۆمان،خۆت،
خۆتان،خۆی،خۆیان)

ئەو جێناوە سەربەخۆیانەی کەدەبنە دیارخەری ناو بریتین لە

جێناوی پرس : ← چیرۆکی کێ خوێنراپەوە ؟
(کامە،کێ،چی)

جێناوی نادیار : ← دیسکەکەم بۆ کۆمپیوتەرەکەی هین بوو .
(فڵان،فیسار،کابرا،هین)

جێناوی نیشانە : ← تاقیکردنەوەکەم لەتاقیگەی ئەمانەدا ئەنجامدا .
(ئەمە،ئەمانە،ئەوە،ئەوانە)

- لەکرمانجی ژووروودا کۆمەڵەجێناوی( من- مە- تە- وە- وی- وێ- وان)وەك دیارخەری ناو بەکاردێن: نم/ وەڵاتـــێ مە خۆشـــە.
- هەمیشە ناوە(دیارخراوەکە) پێش جێناوی سەربەخۆی(دیارخەر)دەکەوێت .
- جێناوی هەیی نابێتە دیارخەری ناو چونکە هەمیشە لە ڕۆڵی دیارخراودایـــە .
- ئەگەر جێناوە سەربەخۆکان ببن بە دیارخەری ناوێك ئەوا ناوی دیارخراو هەمیشە پێش دەکەوێت
- (ناوی دیارخراو)و (جێناوی دیارخەر)پێکەوە وەکو (گرێیەکی ناوی) هەموو ئەرکەکانی ناو دەبینن لەڕستەدا :

نم/

١- نیهاد ← مامۆستاکەی من دڵسۆز بوو .
٢- بکەر ← باوکی کێ هات ؟
٣- بەرکار ← پەرتووکەکەی خۆتم بۆبێنە .
٤- تەواوکەری بەیاریدەی کاری تەواو ← سوود لەهۆنراوەکانی ئەوانە وەرگرە .
٥- تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواو ← پێنووسەکەم بە مناڵەکەی فڵان بوو .
٦- تەواوکەری ڕاستەوخۆی کاری ناتەواو ئەمانە دیارییەکانی ئێمەیە .
٧- جێگری بکـــەر ← چیرۆکی کێ خوێنرایەوە ؟

لەگەڵ

# سوپاسی بێ پایانم بۆ خودای مەزن

ئەم بەرهەمە پێشکەشە بە مامۆستایانی هاوپیشەم و خوێندکارانی زانست خواز.
ئەم کارەش دواهەوڵم نا، بەڵام تا ئێستا هەموو هەوڵ و ماندووبوونی سێ ساڵی ڕابردوومە وپێم خۆش بوو هیچ نەبێت بتوانم بەم داهێنانە نوێیە خزمەتێکی بچوك بە زمانی کوردی و پیشەکەی خۆم بکەم.
بێگومان کارێکی لەم جۆرەش بەدوور نییە لە کەم وکورتی چونکە تەنها کەسێك هەڵە ناکات کە هیچ کارێك نەکات، هەربۆیە لە خودای مەزن و پاشان لە ئێوەی بەڕێزیش داواکارم کە بمان بوورن لە هەر هەڵەیەکی ڕێزمانی و نوسین، وە دەخوازم بە سەرنج و پێشنیارەکانتان بابەتەکە دەوڵەمەندتر بکەن بەم ناونیشانەی خوارەوە.

لە گەڵ ڕێزمان دا...

ShnaAziz.Kurdi@gmail.com

( بە هیوای سودمەندبوونی هەمولایەك )

*** تەنها لە دوعای خێر بێ بەشمان مەکەن***


بخوێنن چونکە خوێندن بۆ دیفاعی تیغی دوژمنتان
هەموو تان و زەمانێ عەینی قەڵغان و سوپەرتانە
ئەحمەد موختار جاف
omed